# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە (137) بەرواری 1–2–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی دەهەم

شۆڕش و ریفۆرم ...ل7

## دادگای فیدراڵی بەردەوامە لەسەر گوشارەکانی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم!!

بەم دوایانە دادگای فیدراڵی عێراق، بریاری ناردنی ٤٠٠ ملیار دیناری و وەکو موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم ڕاگرت. بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، بڕیارێکی قورستری پێشووی لە پشتە، کە بەناياسايی ناساندنی فرۆشتنی نەوت و غازی هەرێمە و لەو چوارچێوەیەشدا پرسی ناردنی پارە بۆ موچەخۆرانی هەرێم!! و شایستە داراییەکان، بە تەواوی وشک دەکات.




ڕاگرتنی ناردنی ئەم برە پارەیەو دوبارە بەدەستەوە گرتنی بریاری دادگای فیدراڵی بۆ ناياسايی بوونی فرۆشتنی نەوت و غاز، کاردانەوەی خێرای بەرپرسانی

بۆ لاپەڕە 3

## کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی بێ ئاکامن لە دەرچوون لەو ئەزمە قوڵەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە!



دوای دەورەیەکی تر لەچوونەسەری گرژی و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و خولْقاندنی ترس و دڵەراوکێ لەناو خەڵکی کوردستاندا، سەر ئەنجام پارتی و یەکیتی کۆتایی مانگی جەنیوەری لەسەر ئاستی مەکتەب سیاسیدا کۆبونەوە. دوای کۆبونەوەکەش بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد کە ناوەڕۆکەی بریتییە لە "بارودۆخی گشتی و هاوکێشە ناوخۆی و ناوچەییەکان و راو سەرنجی تێبینی هەر دولا لەسەر بابەتە جیاجاکانی پەیوەست بە

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- نا بۆ چەوسێنەر چ شا بێت یان ڕابەر.......................................................ل4
- د. سەلاحی گەرمیان... وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە.....................ل5
- فەرمانە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتی تازەی ڕووسیا لە دوای شۆڕشی..........ل6
- کچەکانتان مەشارنەوە کوڕەکانتان جوان پەروەردە بکەن.........................ل7
- خێرو سەدەقە لە یەککرتووی ئیسلامیەوە بۆ نەوەی نوێ...........................ل10




## دۆسیەی ژمارە "ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"

## هاوڕێ شاباز مەحمود وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل11

## وتەی ژمارە

# "من وەکالەت دەدەم" پرۆژەیەکی شکستخواردو لەدژی شۆڕش!!

عەبدوڵا مەحمود

نارەزایەتی و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران، بۆ روخاندنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی پێی ناوتەوە مانگی چوارەمی خۆیەوە و لەوەناچێت خامۆش بێتەوە تا کۆتایی بەدەسەڵاتی رژێمی ئێستای ئێران نەهێنێت. تەنانەت ئەگەر توشی خاوبوونەوەو وەستانێکیش ڕوووبدات، زۆر کاتی و تێپەڕ دەبێت و ئاسۆیەک بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئێستای جمهوری ئیسلامی نەماوەتەوە.



هەم ناوەرۆک و دروشمەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری لە ئێران هەڵگری پەیامی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی رژێمەو هەم کاردانەوەو توندوتیژی و زەبروزەنگی دەسەڵات، نیشانەی ئەوەیە کە مەرگی خۆی دەبینێت.

گەیشتنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری بەو ئاستە بێ گەڕانەوەیە و کاردانەوەی رژێمی ئیسلامی بەو بزوتنەوەیە، ئەو ویستگەیەیە کە سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتییەکان و دەوڵەت و بلۆکە سەرمایەدارییەکانی لە ئاستی جیهانی و ناوچەکە پەلکێشی ناو دۆخی سیاسی ئێران کردووە.

ئەوەی جێگای نیگەرانی و هەراسی بۆرژوازیی لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانە، یەکەم، ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی جولانەوەکە. دووەم، سەراسەری بوونی بزوتنەوەکە کە سەراپای ئێرانی گرتۆتەوە، لە تاران و تەوریز و قومەوە بۆ مهاباد و سنە و سەقزو مەریوان... سێهەم، لێکهەڵپێکران و یەکبوونی داخوازیی و دروشمەکان.

بۆ لاپەڕە 2


پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8–9

# درێژەی وتەی ژمارە

چوارەم، نەبوون یان لاوازی بزوتنەوە ناسیونالیستی" ناسیونالیزمی نەتەوەیی و ناسیونالیزمی عەزەمەت تەڵەبی ئیرانی" بەسەر بزوتنەوەکە. کەنار بوونی رۆڵی ناسیونالیستی محەللی، ناسیونالیزمی سەراسەری. پێنجەم، پشو درێژی و بەردەوامی جولانەوەکە. شەشەم، پەروایزبوونی رۆڵی ئەمریکا و غەرب و بێ پایەبوونیان و لاوازی رۆڵ و وەهمی جەماوەری پێیان. حەوتەم، لێکهەڵپێکانی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان، ژنان و لاوان و کرێکاران و مامۆستایان و بزوتنەوەی ژێر چەپۆکی میللی و هەلاواردن، لە راستای روخاندنی رژێمدا و بەرجەستەبوون و پێشرەوی رۆڵی ژنان و لاوان و بە نیشانە گرتنی سمبول و رەمزەکانی دەسەلاتی ولایەتی فەقیەو ئیسلامی سیاسی. هەشتەم، بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی ئۆردو بەرەی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا...تاد. ئەمانە هەموویان نیشاندەری ئەوەن کە ئەو بزوتنەوەیەی لەئێراندا پێی گرتووە دیاردەیەکی تازەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ئەلگۆیەکی تایبەتە لەڕێگای ڕوخاندنی رژێمدا، لەهەلومەرجی ئێستای دنیادا.

هەموو ئەم تایبەتمەندیانە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێرانی، کردۆتە بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و ئینسانی نوێ لەدڵی نەزمی هاری سەرمایەداریدا، وە بۆتە مۆتەکەی سەر سەرجەم بزوتنەوە بۆرژوازییەکان، لە ئیسلامیەکانەوە بۆ سەڵتەنەت تەڵەبەکان، بۆ ناسیونالیست و ئاریامهیری و پاشماوەکانی رژێمی پاشایەتی لاکەوتە و بۆ ناسیونالیستە قەومی و محەلییەکان... لەو نێوەدا بۆرژوازی لەهەوڵدایە دەست بۆ هەموو پوش و پەڵاشیک ببات تا رەوتی سەرەنگرێ بوونی جمهوری ئیسلامی، لە رێگای جەماوەری شۆرشەوە، بەرپێبگرێت و ئەو دیاردە نوێیە کە جەماوەر بەهێز و پشتیوانی و ئیبتیکاراتی خۆیان، دەیانەوێت رژێمێک بۆ هەمیشە نابود بکەن و بە مێژووی پڕ تاوانکاری بسپێرن. لە دڵی ئەو وەزعەدایە، کوڕی شای راونراو و دەسەلاتی روخێنراوی شاهانشایی و پاشایەتی، لەڕێگای داهاتێک کە هی جەماوەری بیبەشی ئیرانە و لەگەڵ راکردنیان لەدەستی شۆرشی جەماوەری، دەستیان بەسەردا گرتووە، بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و میدیای نۆکەریان، کەوتونەتە جموجۆڵ و گرتنەبەری دواکەوتووترین شێوازی دەستبردنەوە بۆ سیاسەت، تا لەو رێگایەوە هێندەی لەدەستیان بێت، گورز لە راپەرین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری لە ئیران بوەشێنن. سەڵتەنەت تەڵەبەکان کەمپەینی ساختە و درۆینەی" من وەکالەت دەدەم" کە ژمارەیەک لە سلیبریتیەکانی دنیای دەرەوەو پاشماوەی گەنیوی دەسەلاتی شاهانشایی و بەشێک لەوانەی تا چەند مانگ لەوەپیش وەکالەتیان بە خامەنەیی وخاتەمی دابوو، ئێستا کەوتونەتە "وەکالەت دان" بە کوڕی دیکتاتۆری پێشوو، تا بتوانن ئامادەیی رەوتی شاهانشاهی و پاشایەتی لە جولانەوەی روخاندنی رژێم ئیسلامیدا پەیدا بکەن. ئەم جەنابانە هێشتا وادەزانن دنیا وەستاوەو جارێکی زەمەن بوار دەداتەوە بە رژێمی پاشایەتی لە ئیراندا، خۆی دوبارە بکاتەوە.

ئەوانەی خەون و خەیاڵیان لای گەرانەوەی رژێمی شاهەنشاهی و پاشایەتی لە ئیرانی ئەمڕۆ و دوای روخاندنی جمهوری ئیسلامیدایە، خەوێکی نەزۆک لە دنیایەکی تەواو بێداردا دەبینن. جەماوەرێک چڵ ساڵێک پێش ئێستا رژێمیکی دیکتاتۆر و خوێنرێژی لە رێگای شۆرشەوە نابود و سەرانی ڕاو نابێت، ئێستاش بۆ روخاندنی دەسەلاتی ئاخوندەکانی سەرمایە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی وەرێ خستبێت، چۆن رێگا دەدات جارێکی تر ئەلگۆی دەسەلاتی پاشایەتی وشاهانشایی و نۆکەر پیشەی ئەمریکاو غەرب، سەر بەرز بکاتەوە. وەکالەت بەخشین و وەکیل گرتن و مامەڵەی وەکیلایەتی، خۆی نیشانەی نامۆیی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە و بێ ئاگاییەتی لە دنیای ئەمڕۆ بەگشتی و لە بزوتنەوەی روخاندنی رژێم لە ئیراندا.

تەنانەت ئەم ئۆپۆزیسیۆنە کە دەستێکی لەناو تورەکەی حزبی نوی ئیران دایە کە بەم دوایانە، لە بۆشایی نەبوونی حزبی سیاسی ئەلگۆی شاهانشاییدا دەستیان بۆبرد و قوتیان کردەوە، گەمژەیەتی و نامۆییان بە کۆمەڵگەی ئیران بە ئەندازەیەکە، بە هەمان دروشمی "یەکپارچەیی خاکی ئیران" رژێمی پاشایەتی دەستیان پێکردووە، واتە بەر لەوەی گەرم ببن و شانسی بیستنەوەی دەنگیان لە دوڵ و لێرەوارەکاندا ببیستن، هەرەشە دەکەن و لە ئێستاوە مافی هەڵبژرادنی چارەنووس بۆ خەڵکێک ناخوازن ئەگەر بیانەوێت سەربەخۆ ئازاد لە ئیرانی داهاتوودا، چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن.

هەروەها دروشمی" خودا، شا، نیشتیمان" ئالای شێر و خورشید... هیندە پوچە بەبەرواود بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" و " مەرگ بۆ ستەمکەر چ شا بێت چ رابەر"، کە هیچ شانسێک بە پاشماوە لاکەوتەکانی پاشایەتی نادەن.

بەیعەت بەخشین بە رەزا شای کوڕی دیکتاتۆری پیشووی ئیران، لەلایەن بەشێک لە هونەرمەندان و وەزشکار و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی، بۆ چوارچێوەدان بە قوتکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی سەرو خەڵکی بە ئەلگۆی میراتی پێشوو، بەر لەهەموو شت، ئەو بەشە لە هونەرمەندو وەزشکار و چالاکی سیاسی ومەدەنی دەکاتە رەعییەت و جێگاییەک بۆ بژاردەی سیاسی و سەربەخۆیەک بۆ کەسایەتیان ناهێڵتەوەو و هەر جۆرە نوزیەکی ئازادیخوازنەش ئەگەر لە دیدگایاندا!! بێت، دەکاتە بلقی سەر ئاو. لەوەش زیاتر ئەم نوخبەیە دەخاتە بەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە کە بۆروخاندنی جمهوری ئیسلامی و ئایندەیەکی پڕ شکۆی ئینسانی و لە پێناو ئازادی و کۆتایهێنان و بەسەرکوت و بیمافی و هەلاواردن و نابەرابەری چینایەتیدا هاتوونەتە مەیدان.

بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ستەم لێچووی ئیران سەرباری هەر لاوازییەک کە هەیەتی، لە پیش هەموویانەوە نەبوونی رابەریەکی سیاسی سەراسەری کە ببێتە ئالاهەڵگری خواست و ویستە سەراسەرییەکانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئیران و بزوتنەوە رادیکاڵ و شۆرشگێرانەکەی کە بەدروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" و " مەرگ بە چەوسێنەر چ شا بێت یان رابەر" هاتۆتە مەیدان لە چوارچیوەی ئەو دروشمانەدا و زیاتر لەوەش بە کردەوە، بۆ "نان، کار، ئازادی و دەسەلاتی شورایی" دەسەلاتی پشت بەستوو بەهیزی خۆی هاتۆتە لە مەیداندایە، بەتەواوەتی هێڵی خۆی لەگەڵ هیزە بۆرژوازییەکان بەگشتی رەوتی لاکەوتەو بێ پایەی سەلتەنەت تەڵەبەکان، جیاکردۆتەوە.

هیزە بۆرژوازییەکان بەشێوەی گشتی و سەڵتەنەت تەڵەب و خوازیارانی گەرانەوەی دەسەلاتی لە گۆڕنراوی زیاتر لە ٤٣ ساڵی رابردووی پاشایەتی، هەوڵ و مانۆرەکانیان، وەستانەوەیە بەرووی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیراندا، لەسەر دیاریکردنی ئاییندەی سیاسیان. چ ئەو رەوتەو چ رەوت و باڵ و لاباڵەکانی بۆرژوازی لە ئاستی ناوخۆی ئیران و دەرەوەی ئیراندا، مەترسین لەسەر ئایندەی بزوتنەوەی روخاندنی رژێم لە ئیران و دەسەلاتی دوای جمهوری ئیسلامی.

دیارە خەڵکی ئیران زۆر لەوە هوشیارترن و بەکردەوەش لە مەیداندا و لەدڵی بەردەوامی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەدا، وەڵامی "نا" و گاڵتەکردنیان بە کەمپەینی" وەکالەتت پیدەدەم" داوەتەوە، پاشماوەکانی دەسەلاتی پاشایەتی و سەلتەنەت تەڵەبەکان زۆر لەوە بێ پایەترن بتوانن کاریگەری لەسەر رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران دابنین، بەلام ئەوە بەو مانایەش نییە، بێدەنگە لەبەرامبەر بە پرۆژەو پلانەکانیان بکرێت، بەتایبەتی کە ئەوان ماشێنێکی راگەیاندنی زەبەلاح و پشتیوانی ئەمریکا و غەربیان لەپشتە... بۆیە پێویستە، جارێکی تر ماهیەتی دەسەلاتی دیکتاتۆرانەی شاهانشایی و هەوڵەکانی ئێستایان لە قاو بدرێت و رێگا نەدەن، لەتمەو زیان بە بزوتنەوەی روخاندنی رژێم بگەیەنن.

**کۆتایی جەنیوەری ٢٠٢٣**

**ئەوانەی خەون و خەیاڵیان لای گەرانەوەی رژێمی شاهەنشاهی و پاشایەتی لە ئیرانی ئەمرۆ و دوای روخاندنی جمهوری ئیسلامیدایە، خەوێکی نەزۆک لە دنیایەکی تەواو بێداردا دەبینن. جەماوەرێک چڵ ساڵێک پێش ئێستا رژێمیکی دیکتاتۆر و خوێنرێژی لە رێگای شۆرشەوە نابود و سەرانی ڕاو نابێت، ئێستاش بۆ روخاندنی دەسەلاتی ئاخوندەکانی سەرمایە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی وەرێ خستبێت، چۆن رێگا دەدات جارێکی تر ئەلگۆی دەسەلاتی پاشایەتی وشاهانشایی و نۆکەر پیشەی ئەمریکاو غەرب، سەر بەرز بکاتەوە. وەکالەت بەخشین و وەکیل گرتن و مامەڵەی وەکیلایەتی، خۆی نیشانەی نامۆیی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە و بێ ئاگاییەتی لە دنیای ئەمرۆ بەگشتی و لە بزوتنەوەی روخاندنی رژێم لە ئیراندا...**

## درێژەی...دادگای فیدرالی بەردەوامە لەسەر گوشارەکانی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم!!

حزبی و حکومی هەرێمی کوردستانی بەدوایدا خۆیدا هێنا و وەکو دوژمنکارییەک بەرامبەر بەهەرێم خوێندنەوەی بۆکراو لەوەش زیاتر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی وتی دادگای فیدراڵی "دیارە ئەجندایەکی گوماناوی جێبەجێ دەکات و جێگەی دادگەی شۆرش" محکمە الثورە"ی رژێمی پێشووی گرتۆتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەر چەند رۆژ پێش ئێستا، سەرجەم بەرپرسانی حزبی و حکومی و هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان، لە پێشبرکێی ئەوەدا بوون کە ناردنی ئەو برە پارەیە بەرهەمی ماندووبوونی ئەوانە و هاوکات هەموویان ئەوەیان دەدا بە گوێی خەڵکی کوردستاندا، کە ئاڵوگۆری باش و لێک تێگەیشتنی زۆر لەنیوان بەغدا و هەرێمدا هەیەو بە شان و باڵی "برایانیان!!" لە بەغدا هەڵدەدا. کەچی دوای بریاری دادگەی فیدرالی هەموو لێدوانەکانیان پێچەوانە بوونەوە و ئەمجارەیان یان سەریان کز کردووە، یانیش گڕیان گرتووەو بەتوندی لێدوان لەسەر مامەڵەی بەغدا و دادگای فیدرالی دەدەن.

دیارە نیگەرانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتیش پارتی، بەتەنها لەسەر ٤٠٠ ملیار دینارەکە نییە، بەڵکو لەسەر وشک بوونی ئەو سەرچاوەی داهاتەیە کە جاروبار لە بەغداوە دەهات و لەوەش زیاتر نیگەرانییە لەوەی کە بەغدا ڕێگە بە فرۆشتنی نەوت و غازی هەرێم نادات بە شێوەی سەربەخۆ بیفرۆشیت، ئەمەش تەنها پرسیکی ئابوری نییە، بەڵکو پرسێکی سیاسیەو گورزێکی کەمەر شکێنە لە قەڵەمرەوی سیاسی دەسەڵاتی هەریم و تواناییەکانی...

ئەم بریارەی دادگای فیدرالی، لە کاتێکدایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، ئومێدی ئەوەی هەبوو بەم زوانە لە گفتوگۆی لەگەڵ بەغدادا لەسەر بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ڕێک بکەوێت و نیازەکانیان، وەدی بهێنن، بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی ئەو خەون و ئومێدەشی کوشت و زیاتر لەوەش پرسی گفتوگۆی بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ دوا دەخات و لەگەڵ خۆشیدا برینە قوڵەکانی سەرچاوەگرتوو لە فیدرالیزمی قەومی دەکوڵێنێتەوەو جارێکی تر ململانێی بەغدا و هەرێم، درێژە پێدەدات... ململانێیەک کە بەهەموو پێوانەیەک دوورو نزیک پەیوەندی بە پرسە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییەو شەرە لەسەر بەشی داهات و بودجە و دەسەڵات، کە فیدرالیزمی قەومی مۆری لێداوە.

ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەناوی خەڵکی کوردستان و لێدوان دەدەن و نیگەرانی لە بڕیاری دادگا و مامەڵەی بەغدا دەردەبڕن، دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بکەنە زەخیرەی ململانێی داهاتوویان لەگەڵ بەغدا و ڕێگایەکیش بۆ خستنە رووی هاوئاهەنگی نێوان دەسەڵات هاوڵاتیانی کوردستان... ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرژەوەندی هاوڵاتیانی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی دوو بەرژەوەندی جیاوازی دژ بە یەکترین و بەیەکەوە نەک هەڵناکەن، بەڵکو لەبەرامبەر بە یەکتریدا وەستاونەتەوە.

دیارە چۆن دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، دەسەڵاتێکی چاوچنۆک و نوینەری بۆرژوازی کوردە، ئاواش دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا، دەسەڵاتێکی تا سەرمۆخ تالانچی و گەندەڵ و هاوکات دژی مافە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و دژی ئاییندە سیاسیەکەیەتی...خەڵکی کوردستان لەیەک کاتدا رووبەرووە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی هەریم دەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقدا.

## درێژەی: کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی بێ ئاکامن لە دەرچوون لەو ئەزمە قوڵەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە!

ڕێکەوتنی پێشووی هەر دولا خرانە ڕو... وە هەردولا ڕیکەوتن لە دەرفەتێکی نزیکدا کوبونەوەی دیکەی هەردوشاند ئەنجامبدرێت"

هەر کەسێک سەیری راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکە بکات... بەڕۆشنی دەبینێت، کە کۆبونەوەکەی نێوانیان، نەک هەر کۆبونەوەیەکی بێ ئاکام، بەڵکو کۆبونەوەیەک بووە لە درێژەی گرژیەکانی نێوانیان، و بن بەست بووە لەوەی ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لەو ئەزمە قوڵ و هەمەگیرەی هەردوو دەسەڵات لەهەر دوو زۆنەکە  تووشی بوون.

ئەم دۆخەش کەوای کردووە پارتی و یەکێتی، نەتوانن بگەنە ڕیکەوتنێک، یان لەسەر چەند خالێک ڕێکبکەون و رای بگەیەنن، دەگەڕیتەوە بۆ دۆخی سیاسی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێم، کە پارتی و یەکێتی نەک وەڵامێکی رۆشنیان بۆیی نییە، بەڵکو کەوتوونەتە حاڵەتی چاوەروانییەکی بێ هودەو نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەو ئاڵوگۆرانە بکەن کە بە رێگاوەن. هاوکات لەگەڵ ئەم حاڵەتی چاوەروانی و بێ وەڵامیان بۆ دۆخی پڕ ئاڵوگۆری ناوچەکەو عێراق، گوشارە بەردەوامەکانی نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و غەرب لەسەریان، کە داوا دەکەن، هەڵبژاردن دوانەخەن، هیزی چەکداریان یەک بخەن، لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕیکەوتن... هێندەی تر پارتی و یەکێتی و پاڵناوە بۆ ناو دۆخێکی نەخوازراو بێ چارە... ئاخر گرفتی بەردەم هەڵبژاردن بەجیا لە ناوەرۆکە پوچەکەی، وەکو سیناریۆیەکی دوبارەش، رووبەڕووە لەگەڵ تورەیی جەماوەری و مەدی فراوانی بایکۆت و بەشداری نەکردنی خەڵک و هاوکاتیش بەوهۆیەوە هەڵبژاردن بژاردەیەک نییە بۆ دەستاوەستکردنی دەسەڵات و قبولکردنی ئاکامی ناچاوەروانکراو...کە ئەمەش گرفتیکە دەسەڵات رووبەرووی بەریەککەوتن لەگەڵ دیدی ئەمریکاو غەرب دەکات. یەک خستنی هیزی پێشمەرگە، لە پرسی هەڵبژاردن پوچترە... پارتی و یەکێتی ئەگەر هیزی چەکداری حزبیان نەمێنێ... ناتوانن لەگۆرەپانی سیاسی و لە ململانێی ناوخۆیی ناو خانەوادەی بۆرژوازی خۆیاندا، بمێنەوە، ئەوە جیا لەوەی پارتی و یەکێتی بەجیا لەهیزی چەکداری لەچەشنی یەکەی هەفتاو هەشتا... خاوەنی چەندین جۆری تری هیزی بەرگری لە بنەماڵەو دەسەڵاتن... و هەرگیز ناتوانن دەست بەرداریان ببن. ڕیکەوتن لەگەڵ بەغدا بەتایبەت لەپەیوەند بە پرسی نەوت و غازو...تاد، لە هاوسەنگی ئێستای نیوان هەولێر و بەغدادا کە بەزیانی هەولێرەو هاوکات دەستور!! مافی یاسایی لە دەسەڵاتی هەرێم دەسەنێتەوە کە سەربەخۆ مامەڵە بە نەوت و غازەوە بکات... ئەمانە هێندە کێشەی قوڵن، کە پارتی و یەکێتی وەڵامیان بۆی نییە... دیارە ئەو کیشانە بونەتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمیشدا پارتی و یەکێتی نەتوانن دەست بەرن بۆ چارەسەری ئەو کیشانەی کە بەرەو رووی یەکتری دەکەنەوە. دیارە دۆسیەکانی هەرێم وەکو باسی هاوبەشی دەسەڵات، رێرەوی چەوتی حکومرانی، پەراوێزخرانی زۆنێک، نەگێرانەوەی داهات بۆ خەزێنەی مەرکەزی، پاوانخوازی... ئەمانە هەموویان گرفتی لاوەکین لەچاو گرفتەکانی تردا.

وا بڕیارە پارتی و یەکیتی دریژە بۆ کۆبونەوەکانیان بدەن، بەڵام دۆخی ئیستا لە سودی پارتی و یەکێتی و کۆبونەوەکانیان نییە، بۆیە ئەم کۆبونەوانە بێ ئاکام دەبن و بەهەر ڕێکەوتنێکیش بگەن، یان لە بەیاننامە و راگەیاندنێکدا لیستی ڕیکەوتنیان رابگەیەنن، تەنها بۆ شێواندنی رای گشتی و لە پیش هەموویانەوە بۆ خاوکردنەوەی گوشارە دەرەکیەکانی سەریانە.

***************

**ئەم دۆخە کەوای کردووە پارتی و یەکێتی، نەتوانن بگەنە ڕیکەوتنێك، یان لەسەر چەند خالێك ڕیکبکەون و رای بگەیەنن، دەگەڕیتەوە بۆ دۆخی سیاسی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێم، کە پارتی و یەکێتی نەك وەڵامێکی رۆشنیان بۆیی نییە، بەڵکو کەوتوونەتە حاڵەتی چاوەروانییەکی بێ هودەو نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەو ئاڵوگۆرانە بکەن کە بە رێگاوەن. هاوکات لەگەڵ ئەم حاڵەتی چاوەروانی و بێ وەڵامیان بۆ دۆخی پڕ ئاڵوگۆری ناوچەکەو عێراق، گوشارە بەردەوامەکانی نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و غەرب لەسەریان، کە داوا دەکەن، هەڵبژاردن دوانەخەن، هیزی چەکداریان یەك بخەن، لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕیکەوتن... هێندەی تر پارتی و یەکێتی و پاڵناوە بۆ ناو دۆخێکی نەخوازراو بێ چارە...**



# نا بۆ چەوسێنەر چ شا بێت یان رابەر

نووسینی: عبدالرحمن رەسول

ئەم دروشمە بەواتایی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە یاسایەک و سیستەمێک کە خەڵک بەیاسا و جۆری سیستەمی ئیدارەدانی ڕاپێچی چەوسانەوە و نایەکسانی وسەرکوتی بکات، لەژێر هەرناونیشانێکدا بێت کە چەوسێنەربێت لەشێوازی سەرۆک و شا و مەلیک و ڕابەر. ئەو سەرۆک و شا و مەیلیکەش لەژێر هەر پڕوپاگەندەو بانگەشەیەکی سیاسی نەتەوەیی و ئایینی و بنەماڵەیی بێت. خودی ناوەڕۆکی ئەم دروشمە بەمانایی خستنە ڕوویی ئەڵتەرناتیڤی ئینسانی کە جۆرە دەسەڵات و سیستەمێکیان دەوێت لەدوای ڕوخانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران کە هەڵقوڵاوی ناخی سیستەمێکی ئینسانی یەکسانیخوازانە بێت ئەویش بەدڵنیایی ئیدارەدانی کۆمەڵگەیە لەلایەن خودی خەڵک خۆیەوە، لەڕێگای شوراکانییەوە، کە بتوانن کۆمەڵگە بەحکومەت و ئیدارەدانی شورایی بەڕێوەبەرن .خەڵکی ئێران و کوردستان لەهەردوو شێوازی دەسەڵاتداریتی بەجۆری (بنەماڵەیی شا و ئیسلامی) بەتوندترین و بێ بەزەیانەترین شێوە چەوساوەتەوە و کراوەتە قوربانی ئەم جۆرە مێژووەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران و کوردستان باشترو نوێ تر بیر لەدەسەڵات و شێوازی ئیدارەدانی کۆمەڵگە بکەنەوە. کە دەرئەنجامی ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە کە هەرچی سەر بە هێڵەکانی فاشیزمە لەبەرامبەر خەڵکی ناڕازی بوەستنەوە بۆئەوەی ئاراستەی نارەزایەتییەکان بگۆڕن بەپێی خواست وبەرژەوەندییەکانیان، بەڵام سەرکەوتوونابن. خەڵکی ئێران بەدرێژایی زیاتر لەچل ساڵ لەژێر توندترین وبێ بەزەیانەترین سیستەم و دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا دەچەوسێنەوە و بێ ماف و بێ ئازادی دەکرێن. خۆسەپاندنی زۆرەملێیانەی فاشیزمی ئیسلامی ئێران هۆکارەکەی ئەوەبووە کە پێشتر سیستەم ودەسەڵاتی ئێران لەلایەن بنەماڵەی شاوە زۆر فاشیزمانە دەچەوسایەوە و بێ ماف وبێ ئازادی دەکرا .سەروەت وسامانی گشتی ئێران لەلایەن شا وبنەماڵەکەیەوە ئازادانە تەخشان و پەخشانی پێ دەکرا.

لەهەمانکاتدا جیاوازی چینایەتی و گەشەی بێکاری و هەژاری درێژەی هەبوو، زۆرینەی خەڵکی ئێران و کوردستان لەناو ژیانێکی جەهەنەم ئاسا دەچەوسانەوە، بەڵام بنەماڵەو خانەوادەی شایی ئێران لەوپەڕی ژیانێکی ڕیفاهیەت و خۆشگوزەرانیدا دەژیا. خەڵکی کرێکارو ڕەحمەتکێش، نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بێ ماف دەکران، تەنانەت ئۆتۆنۆمیشیان پێ ڕەوا نەدەبینن .لەوەش کوشندەتر زۆر دڕندانە هێرشیان دەکردە سەر هەموو جوڵەیەکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی ئێران. ڕۆژانە یاسا دژە ئینسانییەکانی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکرا، خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ڕەخنەگران لەو دەسەڵاتە لەسێدارە دەدران و لەزیندانەکاندا بەتوندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەدران .ڕۆژ دوای ڕۆژی کۆمەڵگەیان ڕاپێچی دواکەوتوویی و چەوسانەوەی زیاتر دەکرد هەرئەمەش بۆوە هۆکاری ئەوەی خەڵکی ئێران و کوردستان لەدژی سیستەم و دەسەڵاتی بنەماڵەی شادا بێنە مەیدان و کۆی دەسەڵاتەکەیان بخەنە زبڵدانی مێژووە. بەڵام بەداخەوە لەلایەک خۆشباوەڕی خەڵکی ئێران بە خومەینی گۆڕبەگوڕ وئیسلامییەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهاوکاری دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەداری یەوە ئەم هێزە فاشیزمەی ئیسلامییە بەزۆرەملێ خۆی بەسەر دەسەڵات و دەوڵەتداری دا لەئێراندا سەپاند، کە دواتر یاسا و سیستەمە جەنگەڵی و کۆنەپەرست و دژەئینسانییەکانی جێبەجێ کرد، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ کڵپەکانی فاشیزم بەخوێنی گەنجان و لاوان و ژنان و کرێکاران و دەستفرۆشان سوورتر دەبێت. بەدڵنیایی ئەم فاشیزمەی ئیسلامیەش هەروەک فاشیزمی بنەماڵەیی شا دەچێتە زبڵدانی مێژووەوە .خەڵکی ئێران و کوردستان دەستی بەهەنگاوەکانی خۆی کردووە بەرەو ڕووخانی. گرینگی ئەم تێکۆشانەی خەڵک لەوەدایە تەنها نایەوێت دەسەڵاتی ئیسلامی بڕوات، بەڵکو خەڵکی ناڕازی کە نارەزایەتییەکانی بەخۆشحاڵییەوە بۆتە بزوتنەوەیەکی جەماوەری یەکگرتووانەی

بەهێز بە ئامانجی ڕامالێنی کۆی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی و سستەمی فاشیزم هەرئەمەش وایی کردووە کەسەرجەم ئەوانەی خاوەنی فکرو بیروباوەڕی قۆرغکاری و فاشیزمی دەسەڵاتداریّتی ئیداری و ئابووریین پەلەقاژەی ترسیان لێ نیشتووە، بەشێک لەو خاوەن فکرو بیرکردنەوانەش کەوتوونەتە دەرەوەی فاشیزمی ئیسلامی ئێرانەوە بەناو و شێوازی جیاواز، بەڵام لەناوەڕۆکی ئیدارەدان وبەڕێوەبردنیاندا هەمان جۆرو کردەوەی دژە مرۆڤایەتی بەرهەم دەهێنن وگەشەی پێدەدەن، هەربۆیە لەئێستاوە ئامادەباشی دەکەن بۆئەوەی لەدوایی ڕاماڵێنی سیستەم و دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی دا خۆیان بەشێوازی جیاواز بسەپێنن و خەڵک فریوبدەن بە بەڵێن و سیاسەتە پۆپۆلیستەکانیان. یەکێک لەو جوڵانەوە پۆپۆلیستانەش خانەوادەو بنەماڵەی شای گۆڕبەگۆڕە کە لەوڵاتانی ئەورووپاوە دەیانەوێت بانگەشەی ڕابەرایەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەکانی ناوخۆی ئێران بکەن بەپشتیوانی بەشێک لەوڵاتانی سەرمایەدار دووبارە خۆیان بەزۆرەملێ لەژێر ناوی دیموکراسی و دەوڵەتی شایی بسەپێنن. ئەوەی جێگایی خۆشحاڵی و ئومێدە ئاستی وشیاری خەڵکی ناڕازی لەو قۆناغەی کە بنەماڵەی شا دەیەوێت گوزەری کردووە باش تێگەیشتووە کە سەردەمی دەسەڵاتی شا پڕ لەقەیران و سەرکوت و چەوسانەوەی بەشەیدەت بوو هەرگیز خەڵک زۆرینە ڕازی نابن بەگەڕانەوەی کۆمەڵگە بەرەو سەدەی ڕابردوویی دەرەبەگایەتی کە بەگێک و ئاغا و شێخ وپاشا وشا ومەلیکێک هەموو کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت و بەزۆر کاری بێگاری بەخەڵکی بکات و باج وسەرانە لەخەڵک بەزۆر کۆبکاتەوە دیوەخانی پێ برازێنێتەوە!! لەم ماوەیەدا بەهۆی بڵاوکردنەوەی پارە لەلایەن ڕەزاپەهلەوی لەناو خەڵک لەئێران، ڕەزاپەهلەوی لەدژی شۆڕش وهێزی تێکۆشانی یەکگرتووانەی خەڵک بۆ دەسەڵاتداریّتی خۆیان دەستی داوەتە سیناریۆیەک لەژێر ناوی پێدانی وەکیل کە


دەگوترێت وەکیل واتە وەکالەت دانە بەڕەزا پەهلەوی تا ڕابەری ڕاپەرینی خەڵکی ناڕازی ئێران بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە پرسی سیستەمی شاهانشاهی و دەسەڵاتداریّتی شانشایی و پاشایەتی لەئێران هەرباوی نەماوە و خەڵک لەسەردەمی شانشایی باوکیدا بەتوندترین و بێ بەزەیانەترین شێوە چەوساوەتەوە وئازارو ئەشکەنجە دراوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوەیەکیش بە بیروباوەڕ وفکرە دژە ئینسانییەکانی باوکی بکات و شەرمەزاری بکات کردەوە دژە ئازادی ومرۆڤایەتییەکانی باوکی ئێستا بالۆرەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی شایی لێدەدات .لەڕاستیدا لەئێستا جێگەی شەرمەزارییە گەنج ولاو وخەڵکی ئێران وکوردستان باسی وەکیل دان بۆ ڕەزا پەهلەوی بکەن. لەوە وێرانتر لە فکرو بیروباوەڕ ئەوەیە کە لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو یان حیزب لەدژی فاشیزمی ئیسلامی ئێران گرووپێک یان حیزب وڕێکخراوێک بانگەوازی دەسەڵاتداریّتی شایی لەئێراندا بکات. هەروەها بێیت و ئەم بانگەشەیەی پێدانی وەکیل بە کوڕەکەی شای گۆڕبەگۆڕ بکەی، هەر بەڕاستی هێزو حیزبێک کە خۆی بەم جۆرە سیستەم و دەسەڵاتداریّتییەی شاوە هەڵبواسێت ئەوپەڕی جێگەی شەرمەزارییە ونیشانەی نەبوونی فکرو بیروباوەڕی نوێخوازی وسەردەمی شارستانییە .لەو سەری ئێرانەوە بۆ ئەم سەری ئێران لەناو سەرجەم نەتەوەکانی ئێران گەورەترین کێشەو قەیران هەبوونی زۆری بێکاری وهەژاری وبێ خانەولانەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و نەبوونی بیمەکان و نەبوونی سەلامەتی کار و بەردەوامیش گەشەی سەرکوت وچەوسانەوە و نەبوونی هەرجۆرە ئازادییەکی ڕێکخراوبوون وسیاسی یە. هەربۆیەش لەلایەن زۆرینەی خەڵکی ناڕازی ئێران وکوردستانەوە دروشمی" نا بۆ چەوسێنەر چ شا بێت یان رابەر" وەڵامی ئەم جۆرە هەوڵ و سیناریۆو کردەوەی ڕەزا پەهلەوییان داوەتەوە. هەر جۆرە هەنگاوێکیش لەلایەن هەر کەس وحیزب و ڕێکخراوێکیش بێت بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران بۆ ڕوخانی سیستەم و دەسەڵاتی فاشیزم لەژێر هەرناونیشان وشێوازێکبێت هەرەس پێدەهێنێت وپاشەکەشەی پێدەکات...

***

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## د. سەلاحی گەرمیان... وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...



**پرسی ڕۆژ/ سیستەمی سەرمایەداری هەوڵیداوە سەرمایەگوزاری بەهەموو کایەکانی ژیانی ئەمڕۆمانەوە بکات. وەرزشیش بەدەرنەبووە لێی. وەك ئاگادارن وەرزشێکی کۆمەڵایەتی وەك (تۆپی پێ یان فوتباڵ) کە جەماوەریترین جۆری وەرزشە لەهەموو دنیادا، و ساڵانە پارەیەکی زۆی لێ بەدەستدێت.**

**جگە لەوە دەسەڵات و ڕژێمە سیاسیەکان هاتوون ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشیان ئاوێتە بە وەرزشی تۆپی پێکردووە، بەتایبەت لە جامی جیهانی (مۆندیالی ٢٠٢٢) لە قەتەر و لە سەرەتای ئەمساڵیش جامی خەلیجی ٢٥ لە عێراق. بەتەواوی سەرمایەگوزاری بەقەیرانەکانی خۆیانەوە دەکەن و دەیانەوێت بەتەواوەتی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانیان بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لەبیری خەڵك بەرنەوە و هەندێك قەیرانی بەرامبەرکێی میللەتان و دینەکان و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە مەیدانی ناو بینەران و هاندەران یەکلابکەنەوە.**

**بەڕای بەڕێزتان ئێوە لایەنی سلبی و ئیجابی ئەم دیاردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...تاد.**

**د. سەلاحی گەرمیان:** دیارە تۆپی پێ وەك یارییەکی بەناوبانگ و چێژبەخش و کاریگەر، بووەتە ئامرازێك بۆ دەربڕینی خۆشی و شانازی نەتەوەیی، بەڵام زۆر جاریش لە گرمەی کێبڕکێکاندا دەبێتە هۆکاری گرژی و کێشەی سیاسی و بەرپاکردنی جەنگ لە نێوان وڵاتان، نموونەی "جەنگی تۆپی پێ" ی نێوان هیندۆراس و ئەلسلڤادۆر ساڵی 1969.

تۆپی پێ وەرزشێکی سەرنجڕاکێشی زاڵە بەسەر مێشکی خەڵکێکی زۆردا، دەسەڵاتی سیاسیش هەر بە سروشت هەلپەرستە، بۆیە دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ تێپەڕاندنی سیاسەتەکانی و هەوڵی دەستێوەردانی تیائەدات. وەك چەکێکی کاریگەر بەکاری دێنێت بۆ بەلاڕێبردنی خەڵك بەمەبەستی پاراستنی پێگەی خۆی.

لە زۆر حاڵەتی تریشدا لایەنگری بۆ تیمەکانی تۆپی پێ پەیوەستە بە ئاراستەی سیاسی و کولتوری و ئایینییەوە. بە واتایەکی تر هەست و هەڵوێستە وەرزشییەکان بە پاشخانی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لە قاڵب دەدرێت.

دەسەڵاتی سیاسی لە زۆربەی وڵاتاندا، سەرکەوتنی هەڵبژاردەی نیشتمانی بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان دەقۆزێتەوە. بۆیە لە مۆندیالی قەتەر چەندین سەرۆکی وڵاتان ئامادەبوون لەوانە سەرۆکی فەرەنسی ماکرۆن. لە جامی کەنداوی 25 دا بەرپرسانی بالای عێراق و هەرێمی کوردستان لە یاریگای بەسرە ئامادەبوون. لەدوای بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق کەوتنە قۆزتنەوەی بۆنەکە بە پێشوازیکردن و ڕێزلێنان لە یاریزانان لەبەردەم کامێراکاندا. بەو شێوەیە مەبەستیان بوو سۆزی خەڵك ڕاکێشن و ڕووی ناشیرینی ئەو دەسەڵاتە نوقم لە گەندەڵییەیان ماکیاج بکەن بۆ شێواندنی ڕاستییە تاڵەکانی واقیعی ناهەمواری عێراق کە بێسەروبەری، نادادی، هەژای و بێکاری باڵیکێشاوەتە سەر ژیانی خەڵکەکەیدا.

لەسەردەمی بازاڕی ئازادی نیولیبرالیزمدا، تۆپی پێ بووەتە کایەیەکی زۆر ئاڵۆز، بەهۆی تێکەڵبوون و پەیوەستبوونی بە چەندین بواری جیاجیای وەك: میدیا، ئابووری، یاسایی، کولتووری، سیاسی و سایکۆ-سۆسیۆلۆجییەوە.

نووسەر و ڕەخنەگری ئەرجەنتینی بۆرخێس، پێی وابوو هۆگری و هاندان لە تۆپی پێدا پەیوەستە بە ناسیۆنالیزم و دەمارگیری کوێرانەوە بۆ لایەنێك. بۆیە ڕقێکی زۆری لە تۆپی پێ ئەبووەوە، هۆگربوون بەو وەرزشەوەی بە یەکێك لە کردەی گەمژەکان وەسف ئەکرد و دەیووت "یاری تۆپی پێ بۆیە بەربلاوە، چونکە گەمژەیی بەربلاوە."

لەڕاستیشدا، ڕۆژگار بۆچوونی بۆرخێسی سەلماند. سەرکردەی فاشیزمی ئیتالیایی "مۆسۆلینی"بەتوندی پاڵپشتی ڕێکخراوی "فیفا"ی دەکرد، تۆپی پێ بە باشترین ئامراز دەزانی بۆ ئاڕاستەکردنی ئیتالییەکان لەپێناو ئامانجی فاشیزمیانە و تێرکردنی مەیلی دیکتاتۆری خۆیدا.

لە دونیای ئەمڕۆدا، تۆپی پێ بووەتە کایەیەکی گەورەی بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەو مۆندیالیش بووەتە گەورەترین سەرچاوەی داهات. ڕێکخراوی" فیفا" داهاتێکی زۆر لە مۆندیال دەچنێتەوە، وەك خەملێنراوە، لە مۆندیالی قەتەر کە تێچووەکەی220 ملیار دۆلار بووە، داهاتی "فیفا" نزیکەی6.4 ملیار دۆلار بووە. لەم نێوەندە دا کەمینەیەك، بە ملیاران دولار قازانج دەکەن، یاریزانەکانیش وەك کالا دەکڕن و دەفرۆشن لە بەرامبەر ناوبانگ و پارەیەکی زۆرتردا، زیاتر بەکۆیلەیان دەکەن.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# فەرمانە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتی تازەی ڕووسیا لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧

## نووسینی: تونا حەمەنوری

هەر کە بەلشەفییەکان سەرکەوتنی خۆیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا (٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧) ڕاگەیاند هەندێ فەرمانیان دەرکرد. به دڵنیاییەوە فەرمانەکان لەگەڵ دروشمی بەلشەفییەکان "ئاشتی، زەوی و نان"دا دەگونجان. ئەم دروشمانە لەلایەن جەماوەرەوە لە ڕۆژانی تەمموز (تەمموزی ١٩١٧) دا دەوترایەوە. دروشمەکە بە کورتی نارەزایەتییەکانی جوتیاران و هێزە چەکدارەکان و کرێکارانی ڕووسیای دەخستەڕوو. بەلشەفییەکان سەرکەوتوو بوون لە یەکخستنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕە جۆراوجۆرەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو یەک ئامانج"، ئەویش گرتنی دەسەڵات ودامەزراندنی حکومەتی شورایی.

**فەرمانی یەکەم** سەبارەت بە ئاشتی بوو. لەم فەرمانەدا ڕێوشوێنی کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم بەبێ "قەرەبووکردنەوە و لکاندن" ڕاگەیاند. ئامانجێکی ئەم فەرمانە بەدەستهێنانی پشتیوانی زۆرێک لە سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگ بوو. دواتر لینین پەیمانی برێست-لیتۆڤسکی واژۆ کرد و تیایدا ڕووسیا ناوچەی باڵتیکی لەدەستدا.

**فەرمانی دووەم**: سەبارەت بە زەوی بوو. لەم فەرمانەدا ئەو ڕێوشوێنانە خرایەڕوو کە جوتیاران زەوی لادێ لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. پشتگیری هەڵوەشاندنەوەی خاوەن موڵکە دەوڵەمەندەکان لەلایەن هێزی جووتیارەکانەوە دەکرد. پشتیوانی بەلشەفیەکان لە نێو جوتیاراندا زۆر زیادی کرد.

**فەرمانی سێیەم**: سەبارەت بە کرێکاران بوو. لە فەرمانەدا کرێکاران ڕێوشوێنی لانی کەمی کرێی کرێکار، سنووردارکردنی کاتژمێری کارکردنی کرێکاران وە بەڕێوەبردنی کارگەکان لەلایەن شورا هەڵبژێردراوەکانی کرێکارانەوە خرایەڕوو. ئەمەش پشتگیریی بەلشەفی لە نێو چینی کرێکاران لە شارەکاندا چەسپاند، کە دەسەڵاتیان تێدا گرتبوو.

هەتا ئێستاش لەسەر گرنگی ئەم فەرمانانە مشتومڕی لەسەرە بەڵام کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کە بەلشەفیەکان دەیانویست بیسەلمێنن ئەوان لەگەڵ دروشمی پێش شۆڕش ڕاستگۆن و تەنها بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری ئەو دروشمەیان ڕانەگەیاندوە. حکومەتی کرێکاران و جوتیاران لە ئەنجامی شۆڕشی ٢٤-٢٥ی ئۆکتۆبەرەوە دروست بووە و هێزی خۆی لە سۆڤیەتەکانی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان و جوتیاران وەرگرتووە.

**لیستی فەرمانەکانی سۆڤیەت:**

لیستی فەرمانەکانی سۆڤیەت:

| ڕۆژەکان بە پێی ڕۆژمێری تازە | ناوی فەرمان | کێ دەریکردوە |
|---|---|---|
| ٨ نۆڤەمبەر | فەرمانی ئاشتی | دووەم کۆنگرەی شورای نوێنەرانی کرێکاران، سەربازان و جوتیاران |
| | فەرمانی زەوی | |
| | فەرمانی کرێکاران | |
| ٩ نۆڤەمبەر | فەرمانی چاپەمەنی | شورای کۆمیسیارانی خەلک |
| ١١ نۆڤەمبەر | فەرمانی ٨ کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا | |
| ١٢ نۆڤەمبەر | فەرمانی مافی یاسا دانان | |
| ١٣ نۆڤەمبەر | فەرمانی بیمەی بێکاری | |
| ١٨ نۆڤەمبەر | فەرمانی گواستنەوەی دەسەڵات و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان | |
| ٢٢ نۆڤەمبەر | فەرمانی دامەزراندنی کۆمیسیۆنی رۆشنگەری دەولەت | |
| ٢٤ نۆڤەمبەر | فەرمانی هەلوەشاندنەوەی ریزبەندی و پلە مەدەنییەکان | |
| ٢٧ نۆڤەمبەر | فەرمانی کۆنترۆلی کرێکاران | |
| ٥ دیسەمبەر | فەرمانی سەبارەت بە دادگاکان | |
| ١٥ دیسەمبەر | فەرمانی پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای ئابووری نیشتمانی | |
| ٢٧ دیسەمبەر | فەرمانی نیشتمانیکردنی بانکەکان | |
| ٢٩ دیسەمبەر | فەرمانی هەڵبژاردنی ئەفسەران و ڕێکخستنی دەسەڵات لە سوپادا | |
| | فەرمانی یەکسانکردنی مافی هەموو ئەوانەی لە سوپادا خزمەت دەکەن | |
| ٣١ دیسەمبەر | فەرمانی سەربەخۆیی دەولەتی فینلەندا | |
| | فەرمانی هاوسەرگیری مەدەنی و منداڵان و کتێبخانەی تۆماری مەدەنی | |

:سەرچاوەکان

soviethistory.msu.edu/1917-2/first-bolshevik-decrees/

**کانوونی دووەم ٢٠٢٣**

## یەکەمین دەرسێك کە لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی بزوتنەوە کریکاری و کۆمۆنیستی وچەپ و دنیایاندا ئەوە بوو کە مارکسیزمی لە مەیدانی پراکتیکدا بە کردەوە دەرهێنا، وە نیشانیدا کۆمۆنیزم و بنیاتنانی کۆمەلگەی سوشیالستی و کۆمۆنیستی خولیاو خەیاڵێك نییە و کارێکی عەمەلییە ...

# بۆرژوازی لە ئێراندا نیگەرانی چییە؟

ئەوەی جێگای نیگەرانی و هەراسی بۆرژوازیی لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانە، یەکەم، ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی جوڵانەوەکە. دووەم، سەراسەری بوونی بزوتنەوەکە کە سەراپای ئێرانی گرتۆتەوە، لە تاران و تەوریز و قومەوە بۆ مهاباد و سنە و سەقزو مەریوان... سێهەم، لێکهەڵپێکران و یەکبوونی داخوازیی و دروشمەکان. چوارەم، نەبوون یان لاوازی بزوتنەوە ناسیونالیستی" ناسیونالیزمی نەتەوەیی و ناسیونالیزمی عەزەمەت تەڵەبی ئێرانی" بەسەر بزوتنەوەکە. کەنار بوونی ڕۆڵی ناسیونالیستی محەللی، ناسیونالیزمی سەراسەری. پێنجەم، پشو درێژی و بەردەوامی جوڵانەوەکە. شەشەم، پەروایزبوونی ڕۆڵی ئەمریکا و غەرب و بێ پایەبوونیان و لاوازی ڕۆڵ و وەهمی جەماوەری پێیان. حەوتەم، لێکهەڵپێکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، ژنان و لاوان و کرێکاران و مامۆستایان و بزوتنەوەی ژێر چەپۆکی میللی و هەڵاواردن، لە ڕاستای ڕوخاندنی ڕژێمدا و بەرجەستەبوون و پێشرەوی ڕۆڵی ژنان و لاوان و بە نیشانە گرتنی سمبول و ڕەمزەکانی دەسەڵاتی ولایەتی فەقیەو ئیسلامی سیاسی. هەشتەم، بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی ئۆردو بەرەی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا...تاد. ئەمانە هەموویان نیشاندەری ئەوەن کە ئەو بزوتنەوەیەی لەئێراندا پێی گرتووە دیاردەیەکی تازەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ئەلگۆیەکی تایبەتە لەڕێگای ڕوخاندنی ڕژێمدا، لەهەلومەرجی ئێستای دنیادا....

# "کچەکانتان مەشارنەوە کورەکانتان جوان پەروەردە بکەن"

نووسینی: حەیات مەجید

کچەکانتان مەشارنەوە، کوڕەکانتان جوان پەروەردە بکەن. ئەمە وتەیەی ئەنشتاینە کە ڕەنگە لای کەسانێک گرنگ نەبێت و پاساوی بێمانایان بۆی هەبێت، بەڵام ئەم وتەیە چ لە ناوەڕۆک و چ لەو باکگراوەندەوە کە لە پشت




دەربڕینییەوەیە، وتەیەکی ئاسایی نییە، بارتەقای کتێبێک مانای هەیە.

پەروەردە بناغەی بیناکردنی بوونە کۆمەڵایەتییەکەی مرۆڤە و بەبێ پەروەردە مرۆڤ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەک ڕووبەڕووی ناتەواوی دەبێتەوە، بەڵکو ڕەنگە لە زۆر باردا ببێتە هۆی بارگرانی چ بۆ خۆی، چ بۆ خێزانەکەی، چ بۆ کۆمەڵگەکەی، بۆیە فەرامۆشکردنی پەروەردەی مرۆڤ، هەنگاوی یەکەمی پاڵنانی مرۆڤە، بەرەو سەرەڕۆیی و تاوان و تێکدانی نەزمە کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

ئەگەر خانەوادەکان ڕۆڵەکانییان بە باشی پەروەردە بکەن، ئەوە دەزانن هەموو مرۆڤێک ڕێزی خۆی هەیە و نابێت ئەو ڕێزە لە هیچ بارودۆخێکدا بشکێنرێت، واتە ئەگەر خانەوادەکان ڕۆڵەکانییان باش پەروەردە بکەن، ئەوا لە کاتی بینینی کچێک ئەگەر بێ پۆشاکیش بێت، ڕێگە بەخۆیان نادەن بێڕێزیی و سوکایەتی پێبکەن و پەلاماری بدەن، بە تایبەت کچێکی گەنجی وەک ئەو کچەی ڕووداوەکەی گەڕەکی هوانەی شاری سلێمانی، کە ڕەنگە دڵخۆشی خۆی لە پۆشینی جلوبەرگێکی کراوەدا ببینێت.

با واز لەوە بهێنین کە ئەو جلوبەرگە چۆنە، کە ڕەنگە زۆربەمان بە شیاوی نەزانین و بۆچوونی خۆمان هەبێت، بەڵام ڕەنگە بۆ کچێکی گەنج پۆشینی ئەو جلوبەرگە مانای تری هەبێت و بەشێک بێت لەو غەریزە گەنجییانەی کە لەو تەمەنەدا بۆ مرۆڤ درووست دەبێت و خۆی وەک شکێنەری دابونەریت بزانێت، بەڵام کاتێک کۆمەڵگە تەنها لە ڕووی جەستەییەوە لە ژن بڕوانێت و هزر و هێزی فەرامۆش بکات، لە ئەنجامدا ئەو جۆرە ڕووداوانە دەخولقێن، کە جگە لەوەی دەبێتە هۆی تێکچوونی نەزمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و نیشاندانی ڕووە تراژیدییەکەی دۆخی ژنان، لە هەمانکاتیشدا هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێت، هەروەها پێویستە ببێتە خاڵێکیش کە ناوەندەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، بە بەرنامە و ستراتیژییەتی خۆیاندا بچنەوە و زیاتر درک بەو کلێنانە بکەن، کە لە پەروەردەی کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەوەی بینیمان ئازاردانی کچێکی گەنج بوو، لە لایەن کۆمەڵێک نێری بەخێوکراوەوە، ئەمە ئەو ڕاستییە نیشان دەدات، کە پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان لە ژێر مەترسیدایە، خستنەڕووی ڕاستییەکە لە بارەی ئەو نەوەیەی ئێستا، کە لەگەڵ ئەوەی خوێندەوارن و بەشێکی زۆرییان خاوەنی بڕوانامەی خوێندنن، بەڵام نە خوێندن و نە پەروەردەی خێزانی نەیتوانیوە باش پەروەردەیان بکات، فێرنەبوون کە ژن وەک مرۆڤ ببینن و مرۆڤایەتییەکەی بخەنە پێش هەموو ناو و ناونیشانێکی ترەوە، بۆیە لەمجۆرە ڕووداوانەوە بۆمان دەردەکەویت، ئێستا لە هەموو کات زیاتر کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە ڕیفۆرمی پەروەردەیی هەیە، چونکە ئەگەر پەروەردە فەرامۆش بکەین، دەبێت چاوەڕێ بێت، کە ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا، لە شارەکانی تری کوردستان ڕوو بداتەوە.

لە ڕووی پەروەردەییەوە، خێزان ئەرکی گەورەی لە ئەستۆدایە، دواتر خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆکان و کۆمەڵگە، ئەگەر ئەرکەکان وەک خۆیان جێبەجێ نەکرێن، ئەوا لە ئێستا زیاتر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە لێواری داڕوخان نزیک دەبێتەوە و مەترسی لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە درووست دەبێت.



## پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## بەشی دەهەم

### شۆڕش و ڕیفۆرم

بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار ئەرکی دەستبەجێی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە، شۆڕشێك کە سەرتاپای پەیوەندیە چەوسێنەرانەکانی سەرمایەداری ژێرەوژوور دەکات و کۆتایی بەو کوێرەوەری و مەینەتیانە دێنێ کە لەم نیزامەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەرنامەی ئێمە، دامەزراندنی دەستبەجێی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیە. کۆمەڵگەیەکی بێبەری لە دابەشبوونی چینایەتی، بێبەری لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، بێبەری لە کاری کرێگرتەیی و بێبەری لە دەوڵەت. کۆمەڵگەیەکی ئازادی ئینسانی کە لەسەر بناغەی هاوبەشیی هەمووان لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و لە دیاریکردنی ڕێباز و چارەنووسی کۆمەڵگە دامەزراوە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، هەرئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێت. بەڵام ئەو شۆڕشە مەزنە کرێکاریەی کە دەبێ ئەم کۆمەڵگەیە وەدیبێنێ تەنها بە ویستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕوو نادات. ئەمە جووڵانەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و چینایەتیە کە دەبێ لە ئەبعاد و شکڵوشێوەی جۆراوجۆردا ڕێکبخرێت. کۆسپی جۆراوجۆر دەبێ لەسەر ڕێگای لابدرێت. ئەم هەوڵ و خەباتە فەلسەفەی وجودی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ناوکۆکەی هەڵسووڕانی هەموو ڕۆژەی پێکدەهێنێ. بەڵام هاوکات و شانبەشانی ئەم خەباتەی کە لەپێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریدا لەئارادایە، میلیارەها ئینسان لە جەرگەی جیهانێکی سەرمایەداریدا بەردەوام لە هەوڵی هەمووڕۆژەدان بۆ دابین کردنی گوزەران و ئاسایشی خۆیان. خەباتی شۆڕشگێڕانە لەپێناو بەرپاکردنی دنیایەکی نوێدا، جیاناکرێتەوە لە هەوڵی هەمووڕۆژە بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵانی کرێکار هەر لەم دنیایەی ئێستادا.

لەڕووی سیاسیەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری نە تەنها هیچ ناکۆکیەك نابینێ لە نێوان بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی ئەم نیزامە و خەبات بۆ سەپاندنی ڕیفۆرمی هەرچی بەرینتر بەسەریدا، بەڵکو ئامادەبوون لە هەردوو سەنگەری خەباتدا بە مەرجێکی بنەڕەتیی سەرکەوتنی یەکجاری چینی کریکار دادەنێ. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێك نییە کە لە هەژاری و داماوی و ناچاریی هەلومەرجی کرێکارانەوە سەرچاوە بگرێت. شۆڕشێکە کە پشت بە هۆشیاری و ئامادەیی ماددی و مەعنەوی چینی کرێکار دەبەستێ. تا کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار لە ئازادیەکی سیاسی بەرفراوانتر بەهرەمەندبن، تا شەخسییەت و حورمەتی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی و چینی کرێکار بەشێوەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگە جێکەوتەتر بێت، تا چینی کرێکار لە خۆشگوزەرانی و ئاسودەییەکی ئابووری زیاتر بەهرەمەند بێت و بەشێوەیەکی گشتی تا خەباتە کرێکاری و ئازادیخوازانەکان یاسا و ڕێسایەکی سیاسی و خۆشگوزەرانی و مەدەنی پێشڕەوتریان بەسەر کۆمەڵگەی بۆرژواییدا سەپاندبێ، هەر بەو ئەندازەیەش هەلومەرج بۆ شۆڕشی کرێکاری لە دژی سەرتاپای سەرمایەداری ئامادەتر دەبێ و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لێبڕاوانەتر و هەمەلایەنەتر دەبێت. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێك ڕادەوەستێ کە لەپێناو ڕیفۆرمی یاساوڕێساکانی ئەم نیزامەی ئێستا بە قازانجی خەڵك بەڕێدەخرێت.

ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە خەباتیدا بۆ ڕیفۆرم لە ڕەوت و بزووتنەوە ڕیفۆرمیستەکان جیادەکاتەوە، جا چ کرێکاری بن یان غەیرە کرێکاری، بەرلە هەرشتێك ئەوەیە کە: یەکەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە پێ لەسەر ئەم ڕاستیە دادەگرێ کە وەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی تەواو لەڕێگەی ڕیفۆرمەوە مەیسەر نابێت. تەنانەت قووڵترین و ڕیشەییترین ڕیفۆرمە ئابوری و سیاسیەکانیش بەپێی پێناسەکەی دەست بۆ بنەما قێزەونەکانی ئەم نیزامە، واتە خاوەندارێتی تایبەتی، دابەشبوونی چینایەتی و نیزامی کاری بەکرێ، نابەن. جگە لەمەش ڕاستیەکەی ئەوەیە کە، بە گەواهی سەرتاپای مێژووی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ئەزموونی هەرئێستای وڵاتە جیاجیاکان، بۆرژوازی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە توندوتیژترین شێوە لە بەرامبەر وەدیهاتنی سەرەتاییترین داخوازیەکاندا مقاوەمەت دەکات. هەروەها ئەو پێشڕەویانەش کە بەدەست هاتوون هەمیشە کاتین و لەبەردەم ئەگەری گورزخواردن و سەندنەوەدان. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەناوی خەبات لەپێناو ڕیفۆرمیشدا بەردەوام پێ لەسەر زەرورەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەگرێ، وەکو تەنها ئەلتەرنەتیڤی بەڕاستی کارا و ڕزگاریبەخشی کرێکاری. دووەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری لەهەمان کاتدا کە داکۆکی تەنانەت لە بچووکترین باشبوونێکیش دەکات لەژیانی ئابوری و سیاسی و کەلتووری کۆمەڵانی کرێکار لە کۆمەڵگە، هاوکات خستنەڕوو و داواکردنی مافی سیاسی و مەدەنی و خۆشگوزەرانی هەرچی بەرینتر و پێشڕەوتر بەئەرکی خۆی دەزانێ. بزووتنەوەی ئێمە بۆ دیاریکردنی دروشم و خواستەکانی لەخەباتیدا بۆ ڕیفۆرم خۆی نابەستێتەوە بە دەسترۆیشتوویی و ئیمکانات و توانای چینی سەرمایەدار، یان بە لێکدانەوەی قازانج و زیانی سەرمایە و بەرژەوەندی "ئابووری وڵات" و...تاد. خاڵی دەستپێکردنی ئێمە مافە حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسانی سەردەمی ئێمەیە. ئەگەر وەدیهاتنی ئەم مافانە، وەك مافی سەلامەتیی، مافی فێربوون، ئاسوودەیی ئابووری، یەکسانیی ژن و پیاو، ئازادی مانگرتن، مافی بەشداری ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی کۆمەڵانی خەڵك لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگە، دەستکۆتا کردنی دین و...تاد، لەگەڵ قازانجی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانی نیزامی سەرمایەداریدا نایەنەوە، ئەمە تەنها دەتوانێ بەڵگەیەك بێت بۆ پێویستیی ژێرەژوورکردنی ئەم نیزامە. بزووتنەوەی ئێمە لە خەباتیدا بۆ ڕیفۆرم هەمیشە ئەم ڕاستیە دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگە و چینی کرێکار. ئامانجی ئێمە لەم خەباتەدا پێکهێنانی سەرمایەداریەکی ئارایشتکراو، سەرمایەداریەکی خاوەن "ڕوخساری ئینسانی" یان سەرمایەداریەکی "دڵسۆز" نییە. ئامانجی ئێمە سەپاندنی بەشێکی هەرچی زیاترە لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کرێکار بەسەر نیزامی دەسەڵاتداردا. کۆمەڵە ماف و داخوازیەك کە بۆرژوازی بە ناتەبایان دەزانێ لەگەڵ مانەوەی خۆیدا و سەرکوتیان دەکات، چینی کرێکار هەر ئەمڕۆ ئامادەیە بە هەمەلایەنەترین شێوە بەدییان بێنێ.

**ماوەیتی**

گۆشەی ئەدەب و هونەر




لیستەکە...دۆخی تاریك... دێوەزمە

#ماڵەوە/ ژنانی ترسناك

# سیخوڕ ئامینه المفتی-تۆڵە بە تامی خیانەت

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا**

دوایین نوێکردنەوە: ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١94١٣٢٧ کەس

نووسینی: نور الحودا الأخدریە – جەزائیر

## وەرگێڕانی /جەماڵ نوری

ئامینە الموفتی سیخوڕێکە کە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینەی لە عەرەب پاڵی ناوە بۆ ناو تالاّوی خیانەت،

لە شەقامی هابێڤیم هەرزلیا لە باکووری شاری حەیفا، لە خانوویەکی بچووکدا کە ڕووی لە بەندەرەکە بوو، ئانی موشە لەسەر باڵکۆنەکەی دانیشتبوو، بیری لە دەریا و کەشتییەکانی چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە بەندەرەکە دەکردەوە و بیری لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە لە ژیانیدا ژیاوە و هەموو ئەو شتانەی کە لە داهاتوودا دێن، کە ئەو بە تاریک و تاریکی دەیبینی، شارێک کە کەس ناناسیت و کەس سەردانی ناکات.

لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و لە ڕۆما ژمارەیەکم لێدا و چاوەڕێ بووم، سڵاو کێ قسە دەکات؟ ئانی لە وەڵامدا وتی: من خوشکی تۆم، نەمناسی؟ دەنگەکە بە تیژی توند وەڵامی دایەوە: نازانم خوشکێکم هەیە، جارێک خوشکێکم هەبوو، بەڵام مرد، دەنگەکەش بە دەنگی بەرز هاوار دەکات: مرد و لە یادەوەریمدا ون بوو.

ڕەنگە خوێنەری خۆشەویست وا بیر بکەنەوە کە ئەم ژنە تەنیایە چەوساوە و خوشکەکەی دڕندەیە، بەڵام کاتێک دەزانن ئەم ژنە تەنیا و تەمومژاوییە هیچی تر نییە جگە لە سیخوڕێکی ئیسرائیلی کە ماوەیەکی زۆرە گەشتی وڵاتانی عەرەبی کردووە، و تەنانەت بە شێوەیەکی شەخسی دەستی بۆ یاسر عەرەفات درێژ کرد بەڵێ ڕاستگۆیە داود المفتی و ئەمە چیرۆکەکەیەتی.

### ژیانی سەرەتایی و پەروەردەکردن:

ئامینە داود ئەلموفتی لە ساڵی 1939 زاینی لە شاری عەممانی پایتەختی ئوردن لە بنەماڵەیەکی موسوڵمانی چەرکەسی لەدایک بووە، خێزانەکەی ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر کۆچیان کردبوو بۆ ئوردن و پۆستی باڵایان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا وەرگرتبوو، باوکی زەڕەنگەرییەکی دەوڵەمەند و ناسراو بوو بازرگان بوو، مامی ژەنەڕاڵ بوو لە دەرباری پاشایەتی ئوردن، دایکی خانم بوو، کلاسیک و خوێندەوار بوو، شارەزا بوو لە چوار زمان و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خانمانی کۆمەڵگەی باڵا هەبوو، ئامینە دوو خوشکی خێزاندار و سێ برای دیکەی هەبوو ، و ئەو دوا کەس بوو لە کۆمەڵەکە.

### ئامینە ئەلموفتی لە خێزانێکی بەڕێزدا ژیانێکی خۆشی بەسەر دەبرد.

ئامینە ژیانێکی خۆش و ئاسوودە و گرانبەهای دەژیا، لە بەناوبانگترین قوتابخانەکانیشدا دەیخوێند، هەروەها زیرەک و خۆپەرست و بێ ئیدارە بوو، سەرەڕای نەریتە کۆنەپەرستەکانی خێزانەکەی، هەمیشە گاڵتە بە نەریتەکانی کۆمەڵگەی کۆنەپەرستانەی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەکرد، و بە سنووردارکردن و زیندان و دواکەوتوویی دەیانزانی، خەونی بە سەربەخۆیی و ئازادی و خۆشەویستیشەوە دەبینی.

لە قۆناغی ئامادەییدا کابرایەکی فەلەستینی بە ناوی (بەسام)ی ناسی، ئەویش لە خێزانێکی زەلیلەوە هاتبوو، بەڵام ئەو کچە زۆر خۆشی دەویست و جگە لە خۆی کەسی نەبینی، بەڵام دوای ماوەیەک وازی لێ هێنا و عاشقی کچێکی تر بوو، خۆپەرست، خێرا تووڕە و توند و زۆر لیبڕاڵ و کە کچێکی عەقڵانیتر و ئەخلاقتری هەڵبژاردووە، ئامینە تووڕە دەبێت و بەرگەی توندی ئەو شۆک و برینەی نەگرتووە کە بەسام بۆی دروست بووە و ویستویەتی تۆڵەی لێبکاتەوە و تۆڵەی شانازی بریندارەکەی بکاتەوە.

ئامینە تووشی شۆکێکی سۆزداری بەهێز بوو و بڕیاریدا تۆڵەی لێبکاتەوە

دوای ئەو شۆکە سۆزدارییەی کە لە یەکەم خۆشەویستی لە ژیانیدا بەدەستی هێنا، ئەنجامەکانی لە قۆناغی ئامادەیی مامناوەند هات، ئەمەش وای لێکرد بیر لە گەشتکردن بۆ ئەوروپا بکاتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندنی زانکۆ و بەهەمان شێوە لەبیری بەسام بکات و ئەمەش نەریتێک بوو کە زۆر کەس پەیڕەوی لێدەکرد خێزانە دەوڵەمەندەکان لە ئوردن، خێزانەکەی بۆی هەڵبژارد، لە نەمسا بۆ خوێندن، ئامینە لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا پەیوەندی بە زانکۆی ڤیەننا کرد و لە بەشی بەشەناوخۆیی خوێندکاری تاراوگە وەرگیرا، لەوێش ئامینە خەونەکانی ئازادی دەستپێکرد، ڕزگاری و خۆشەویستی، نە نەریت و خێزان و کۆمەڵگە نییە کە چاودێری و کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی بکات.

لە بەشی بەشەناوخۆیی سکرتێری ژوورەکە بەشداری کچێکی کرد کە لە ساڵی کۆتایی خوێندنی پزیشکی دەخوێند، ناوی (جولی پاتریک )بوو خەڵکی ئەفریقای باشوور، جولی شارەزای ژیانی ئەوروپی بوو، بۆیە مامۆستا بوو بۆ ئامینە لە بابەتی ژیاندا، گوناه و دارمان، بێگومان بەدیلێکی سەلامەتم پێشکەش کرد، ئەویش چەوتکردنە و ئامینە گیرۆدەی ئەوە بوو و وەک ئازادی لە سنووردارکردنی کۆمەڵگە کۆنەپەرستەکەی دەیبینی.

### ئامینە بۆ تەواوکردنی خوێندن سەفەری بۆ نەمسا کرد

کاتێک یەکەم جیهانی ئەکادیمی کۆتایی هات، جولی دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی ڕۆیشت و ئامینە خۆی بە تەنیا بینیەوە، بۆیە بەدوای هاوڕێیەکی دیکەدا گەڕا کە هاوشێوەی مەیلەکانی بێت.

ساڵان تێپەڕی، ئامینە خوێندنی لە ڤیەننا تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەروونناسی پزیشکیدا بەدەستهێنا و لە ساڵی ١٩٦١ی زایینیدا بەبێ ویستی خۆی گەڕایەوە زێدی خۆی، خووی بە ئازادی و گوناه و سەربەخۆیی گرت، کە بێگومان لە ئوردن نایدۆزیتەوە، و لە ناو دڵتەنگی و خەمۆکیدا دوای گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڕقی لێیەتی، خۆشەویستی یەکەمی بیرکەوتەوە، بەسام، بۆ ماوەیەکی زۆر بەدوایدا گەڕا تا دۆزییەوە، و شۆکی دووەمی خۆی وەرگرت، وەک ئەو کچە هەژارەکەی هاوسەرگیری کرد، ڕق و کینەی لێی زیاتر بوو، کەواتە چۆن کچێکی هەژار بەسەر ئەودا پێ باشترە؟ جگە لە گەڕانەوەی بۆ گەورەکەی سارا قۆز بوو و ڕوخسارێکی دڵڕفێن بوو، فڕۆکەوانێکی سەربازی بوو بە پلەی کاپتن، حەوت ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. ئەو مۆسیقای کلاسیک و ڕۆژهەڵات و جوانییەکانیشی بەهەمان شێوە خۆشدەویست، ئامینە عاشقی موشە بوو و خۆی تەسلیمی موشە کرد، لە ماوەی پێنج ساڵ پەیوەندیدا، موشێ یارمەتیی دا، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە، بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرایەکی ساختە لە نەخۆشییە دەروونییەکان.




... حەسەن سەلام، بەرپرسی هەواڵگری فەلەستین ، یاسر عەرەفات سەرۆکی فەلەستین

ڤیەننا بە بیانووی تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا، چارەسەری بۆ تەنیایی و شۆکەکەی نەدۆزیەوە و بڕیاریدا هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات.

ئامینە تەمەنی 24 ساڵ بوو کاتێک گەڕایەوە ڤیەننا، وە دڵی شکا و ڕقی لە هەموو شتێک بوو کە ڕۆژهەڵاتی بێت، بۆیە دەستی کرد بە ژیانێکی سەربەخۆ وەک کچانی ئەوروپی لە کار و پشتبەستن بە خۆ، هەرچەندە باوکی پارەی پێویستی بۆ دەنارد، بەڵام بەدوای کارێکدا گەڕا و دۆزیەوە لە وەرشەی بچووکدا بۆ یارییەکانی منداڵان، لەوێشدا چارەنووس سەرکردایەتی دەکرد، کچێکی جولەکە بە ناوی سارا بێراد، کە کار و خانووبەرەی لەگەڵدا هاوبەش بوو، هەروەها چەوتکردن، مامی دەوڵەمەندە بازرگان.

ڕۆژێک ئامینە سەردانی سارای هاوڕێی کرد لە ماڵەکەیان لە وێستێندۆرف، لەوێدا (موشێی) برای سارا ناسی، برا

پاشان لە ساڵی ١٩٦٦ی زایینی گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە پێشوازییەکی گەرمی لێبکرێت، کە داوای لێکرد ڕازی بێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزاکەی بکات، بەڵام داوای وادەیەکی دیاریکراوی کرد بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەتی خۆی لە عەممان، و لە ڕاستیدا دەستی بە ڕێکارەکان کرد، بەڵام بەرپرسانی تەندروستی لە... عومان ڕەوایەتی ئەو ئیفادەی ئامینەی خستە ژێر پرسیارەوە و داوای لێکرد بڕوانامەی نوێ لە زانکۆی ڤیەننا پێبدات تا مۆڵەتی پێویستی پێدەدەن و لە ترسی ئەوەی بزانن دەربارەی ئەو، بە دڵی پڕ لە ترس و ڕق و کینە بۆ وڵاتەکەی گەڕایەوە ڤیەننا.

**ئامینە عاشقی موشەی فڕۆکەوانی ئیسرائیلی بوو**

**سەرەتای تێوەگلانی ئامینە لەگەڵ هەواڵگری**

## ئیسرائیل:

له ڤیەننا گەڕایەوە بۆ موشه و بێباک بوو له شکستی وڵاتەکەی له ساڵی ١٩٦٧ی زایینی، بەڵکو بەبێ شەرمەزاری و شەرمەزاری به وڵاتەکەی و هەموو عەرەبەکان شاد بوو، له مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا موشێ پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ کرد، و به جۆش و خرۆشەوه قبووڵی کرد، بەڵام ئەو مەرجی دانا که هاوسەرگیرییەکه له پەرستگای جولەکەکاندا بەپێی ڕێوڕەسمی جوولەکەکان ئەنجام بدرێت، ئەویش ڕازی بوو و خۆی گۆڕی بۆ ئایینی جولەکە، و هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ موشێ له پەرستگای شیمۆدت ئەنجامدرا، و ناوی خۆی گۆڕی بۆ ئانی مۆشێ براد، و لەگەڵ هاوسەرەکەی له ڤیەننا نیشتەجێ بوو، بەڵام له ترسی ئاشکرابوون و هەواڵی هاتنی بۆ خێزانەکەی یان بۆ هەواڵگری عەرەبی که هەوڵی پاراستنی گەنجانی عەرەبی دەدا له کەوتنه ناو تاڵاوی زایۆنیزمدا دەژیا.

ئامینه له ڤیەننا به ترسەوه بەردەوام بوو، بەتایبەت له خێزانەکەی که بەدوایدا دەگەڕان، له ساڵی ١٩٧٢ ئامینه له ڕۆژنامەیەکدا ڕیکلامێکی خوێندەوه که تیایدا ئیسرائیل داوای خۆبەخشی جولەکەکانی ئەورووپای دەکرد بۆ ئەوەی بچنه ناو سوپای بەرگرییەوه له بەرامبەر مووچەی سەرنجڕاکێشدا ئەو بینی که چارەسەرێکی تەواو و بێ کەموکوڕییە بۆ ئازار و ترسه بەردەوامەکانی، ئەو سەلامەت دەبێت و خێزانەکەی ناگەنه دەستی، بۆیه ناچار بوو موش به بیرۆکەی کۆچکردن قەناعەت پێبکات، و سەرەڕای دژایەتییەکەی سەرەتا بەهۆی دۆخی جەنگەوه که هەڕەشەی لەسەر ئیسرائیل دەکرد، بەڵام دوای پێداگری چەندین جار ئەویش ڕازی بوو، و موشێ کاغەزەکانی پێشکەش به باڵیۆزخانەی ئیسرائیل کرد و له تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢، ئامینه لەگەڵ هاوسەرەکەیدا به فڕۆکه گەیشته ئیسرائیل.

### موساد دەستی کرد به دامەزراندنی ئامینه بۆ ئەوەی کار بۆ ئیسرائیل بکات

ئامینه له فڕۆکەخانه پێشوازییەکی نایابی هەبوو، دوای چەند ڕۆژێک بانگهێشتی یەکێک له بەرپرسانی ئەمنی دەکرێت، لەوێ سەدان پرسیاری لێدەکرێت سەبارەت به پەروەردەکردنی له ئوردن و سەبارەت به خێزانەکەی و کارەکانی کەسوکاری و چۆنیەتی موشی ناسی و شووی پێکرد؟ به گێڕانەوەیەکی درێژ وەڵامی دایەوە، هەروەها پرسیاری ئەوەی لێکرا که ئیسرائیل نوێنەرایەتی چی دەکات بۆ ئەو و هەستەکانی بەرامبەر به ئوردن و فەلەستین؟ ئاماژەی بەوەشکرد، ڕقی له عەرەبەکانه و دان به دۆزی فەڵەستین نانێت.

دەسەڵاتدارانی ئەمنی ئیسرائیل ستایشی ئامینەیان کرد و گەڕایەوه ماڵەکەی خۆی و بەڵێنی پێدا کارێکی گونجاوی بۆ دابین بکات، سەبارەت به موشێ پلەی مەیجری له هێزی ئاسمانی زایۆنیدا هەبووه و له ساڵی ١٩٧٣ فڕۆکەکەی (سکایهۆک) بەرەو بەرەی سوریا، و فڕۆکەکەی لەلایەن تۆپخانەکانی سوریاوه خراوەته خوارەوە، له یەکەم گەشتی سیخوڕیدا، به بێسەروشوێن دادەنرا، چونکه سوریا گرتنی خۆی ڕانەگەیاند، بەڵام ڕایگەیاند که فڕۆکەکه له ئاسماندا تەقیوەتەوه لەکاتێکدا ئەو لەناو فڕۆکەکەدا بووە.

### فڕۆکەکەی موشێ به تەقەی تۆپخانەکانی سوریا کەوته خوارەوە..

ئامینه باوەڕی بەو هەواڵه نەکرد و ڕق و کینەی له عەرەبەکان زیاتر بوو، ئاواتی تۆڵەی مێردەکەی بوو، چونکه لەناو کەسانێکدا تەنیا بوو که نەیدەناسی و نه زمان و داب و نەریتی ئەوانی دەزانی و هەوڵیدا لەبیری بکات که ئەو ئەو کەسه بوو که خۆی پاڵنا بۆ ناو کۆتایی و کۆچکردنی بۆ ئیسرائیل هەڵبژارد، ئەو گومانی له لێدوانەکەی سوریا هەیه و موشێ تا ئێستاش به جلوبەرگەوه له ژیاندایە، داوای مۆڵەتی له دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل کرد بۆ گەشتکردن بۆ بەیروت و دیمەشق بۆ ئەوەی بزانێت دەربارەی هاوسەرەکەی.

ئامینه به پاسپۆرتی ئیسرائیلییەوه بەرەو ڤیەننا به فڕین و چاوی به بنەماڵەی موشه کەوت و چەند ڕۆژێک لەگەڵیان مایەوە، دواتر به پاسپۆرته ئوردنییەکەیەوە سەفەری بەیروت دەکات، له هۆتێلێکی شەقامی ئەلحەمرەشدا ژنێکی لوبنانی-ئوردنی به ناوی (خەدیجه زەهران) ناسی، که تەمەنی ١٣ ساڵ بوو. که خاوەنی دوکانێکی جلوبەرگی ئامادەکراوە، بۆیه به بڕێکی زۆر جل و بەرگی لێ کڕیوه بۆ ئەوەی لێی نزیک بێتەوە، خەدیجه شوقەیەکی بچووکی له گەڕەکی عەین ئەلرومانه پیشانی دا و لەوێشەوه ئامینه دەستی کرد به گەڕان بەدوای هاوسەرەکەی و کۆبوونەوه هەواڵێک له فەلەستینییەکانەوە که لەو گەڕەکه نیشتەجێن، و دوای چەند گەشتێک له نێوان بەیروت و دیمەشق، ئامینه نەیتوانی به هاوسەرەکەی بگات و پشتڕاستی کردەوه که هاوسەرەکەی کوژراوە، بۆیه به دڵتەنگییەوه بەرەو ڤیەننا بەڕێکەوتم.

### گەشتێکی تۆڵەسەندنەوە و نوقمبوون له جیهانی سیخوڕیدا:

له شوقەکەی خۆی له ڤیەننا، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی له تەلئەبیبەوه له خەو هەڵسا، ڕۆژی دواتر پێشوازی له ٣ ئەفسەری زایۆنیستی کرد که ئەرکیان تەواوکردنی ڕێکارەکانی میراتەکەی بوو بەبێ کێشه لەگەڵ بنەماڵەی هاوسەرەکەی یان دەسەڵاتدارانی فەرمی نەمسا یان زایۆنیستی، میراتەکەی ئەوه بوو نیو ملیۆن دۆلار لەگەڵ شوقەیەکی ڤیەنا و گەرەنتی پاراستن و ئاسایش له سەرووی خووەوە.

### ئامینه لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگری ئیسرائیل کۆبووەوە بۆ دامەزراندنی .

له بەرامبەر هەموو ئەوانەدا پێویست بوو هاوکاریان بکات و ئەوەی لێی داواکرابوو جێبەجێی بکات، چونکه بۆ ئەوان گەنجینەیە، بەو پێیەی عەرەبێکه زێدی خۆی و خێزانەکەی لەدەستداوە و به تەنیا و ترساو دەژی و ماڵی نییه بەڵام ئیسرائیل، بۆیه دەبێت ئیستغلال بکرێت لەکاتێکدا له لوتکەی تەنیایی و ترس و داڕماندایە، ئەستەمه بتوانرێت ملکەچی ئامینه، بەو پێیەی هیچ وڵات و خێزانێکی نییە، و ڕقی له هەموو عەرەبەکانه، بەتایبەتی دوای ئەوەی هاوسەرەکەی کوژراوه ئەفسەرەکان بۆ ماوەی مانگێک خولی ڕاهێنانیان بۆ ئەنجامدا له ڤیەننا، فێری شێوازەکانی سیخوڕی، وێنەگرتن، کۆدکردن، گرتنی هەواڵ، چۆنیەتی پابەندبوون، جیاکردنەوەی چەک، پەرەپێدانی فیلم، هەڵهاتن له چاودێری و بەکارهێنانی چەک بوو.، بەهێزکردنی یادەوەری و هەڵگرتنی زانیاری و ژمارەکان و زیرەکی و ڕق و کینەی یارمەتی دا به خێرایی فێربێت بۆ ئەوەی تۆڵەی هاوسەرەکەی بکاتەوە.

ئامینه هەموو تەکنیکەکانی سیخوڕی فێربوو و ئامێری پێشکەوتووی دەستکەوت. ئامینه ڤیەننای بەجێهێشت بەرەو بەیروت، ئەرکی ئەویش لێکۆڵینەوه بوو له هەواڵی پیاوانی ڕێکخراوه فەلەستینییەکان و پیاوانی بەرخۆدان، هەروەها لێکۆڵینەوه له ناوەندەکانی نیشتەجێبوونی بەرخۆدان و ئەو ڕێگایانەی شەڕڤانان گرتبوویانه بەر، بۆیه شوقەیەکی بەکرێ گرت له بەیروت له یەکێک له باڵەخانەکانی گەڕەکی ڕاوچێ که یەکێکه له ناوچه جوانەکانی بەیروت و زۆری نەخایاند مانوێل ئەسەف، کارمەندی پەیوەندییەکان ناسی، که تێیدا نێچیرێکی ئاسانی دۆزیەوه بۆ ئەوەی دەستی به ژمارە تەلەفۆنەکان بگات و ناونیشانی سەرکردەکانی فەلەستین، و له بەرامبەردا جەستەی خۆی پێدا، و له ڕێگەی ئەوەوە سەرۆکەکەی له شوێنی کارەکەی ناسی، مارون هایک، که بەدوای ئیحراجەکانیدا دەگەڕا، و ئەویش جەستەی خۆی پێدا و له ناوەڕاستیشدا له ئیکستازی خۆی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوه و ژمارەی تەلەفۆنی نهێنی ڕێکخراوه فەلەستینییەکان و سەرکردەکانی بەرەکانی نیشان دا، و ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونیان له گەڕەکی بەناوبانگی ئەلریحانا.

### ئامینه بۆ دەستپێکردنی ئەرکی سیخوڕییەکەی گەشتێکی کرد بۆ بەیروت...

ئامینه له ڕێگەی بریکارەکانیانەوه له بەیروت، بۆ ئەوەی فەرمانی گواستنەوەی له ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣ی زایینیدا بۆ سەرووی خۆی نارد، و داوای لێکرا لیستی ناوی نهێنیی پیاوه سیخوڕییه فەلەستینییەکان له ئەورووپا بەدەستبهێنێت و ئەمەش نابێت لەبەردەستیدایه جگه لەڕێگەی نووسینگەی عەرەفات به شێوەیەکی شەخسی یان نووسینگەی بەرپرسی هەواڵگری، عەلی حەسەن سەلامح ئەلموتەرد، له هەموو جیهاندا، و ئەو پلاندانەری ئۆپەراسیۆنی میونشنه که تێیدا ١١ وەرزشکاری ئیسرائیلی کوژران، حەسەن سەلامیش یەکێک بوو له یاریدەدەرانی عەرەفات و پسپۆڕی پاسەوانەکەی، پاشان عەرەفات سەرۆکایەتی ئاسایش و هەواڵگریی سازمانی فەتح و هێزەکانی پاسەوانی ناوخۆی پێ سپارد و بەهۆی ئەوەی هەواڵگری زایۆنیستەکان له وێنەی ئەو بێ ئاگا بوون ئەو نەیتوانی شوێنپێی بکەوێت و تیرۆری بکات ئەو، و ئامینه پێویست بوو بگاته حەشارگەکەی و لیستی ناوی سەرکردە و بریکارەکانی هەواڵگری فەلەستین له ئەورووپا بەدەستبهێنێت به ئامانجی هەڵوەشاندنەوه و گۆشەگیرکردنیان.

### عەلی حەسەن سەلام، بەرپرسی هەواڵگری فەلەستین...

ئەمه ئەرکی ئامینه بوو له بەیروت، دوای چەند دیدارێکی ئینتیمی لەگەڵ مەرون ئەلحەیک، زانیاریی نەدۆزیەوه که بیگەیەنێته ئامانجەکەی، بۆیه بیری لەوە کردەوە که بەیروت بەجێبهێڵێت و بەرەو تەلئەبیب بڕوات، بەڵام پلانێکی بەدیل دۆزیەوە و گواسترایەوه شوقەیەکی تر له شاری کۆرنیش ئەلمەزرا که ناوچەیەکی بەناوبانگه و دانیشتوانی کەمپەکه زۆر سەردانی دەکەن، له بەیروت پەرستارێکی فەلەستینی ناسی، لەوێش پەرستارێکی فەلەستینی به ناوی شەمیسه ناسی که له کلینیکی سامەد له کەمپی سەبرا کاردەکات، ئەو کچه ناساند بۆ بەڕێوەبەری کلینیکەکە، که بۆی ڕوونکردەوه که زۆرێک له پزیشکان له سەرانسەری جیهانەوه بەشداری دەکەن له مامەڵەکردن لەگەڵ فەلەستینییەکان وەک خۆبەخش، ئەو به سەرۆکەکانی دەڵێت:

یاسر عەرەفات له دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی فەلەستین چاوی به خۆبەخشەکان دەکەوت و لەگەڵیاندا پێداچوونەوەی به کەمپەکانی فەلەستین و هەتیوخانەکان و دامەزراوەکانی مانگی سووردا دەکرد و لێرەوه ئامینه دەرفەتێکی زێڕینی بۆ کارلێککردن لەگەڵ فەلەستینییەکان و سیخوڕیکردنیان به قەبارەیەکی بەرفراوان دۆزیەوە.

ئێوارەی ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٣ زەنگی تەلەفۆن له شوقەکەی ئامینه لێدرا، مەرون حەیک لەسەر خەت بوو و به ئامینەی گوت که حەسەن سەلامه له هۆتێل کۆراڵ بیچدایە، ئامینه چوو بۆ ئەوێ و له نزیک مەلەوانگه دانیشتبوو که حەسەن سەلامه مەله دەکات، و به وردی سەیری دەکرد، تا وێنەکەی له خەیاڵی خۆیدا کێشا، و بۆ ماوەی دوو هەفته بەردەوام بوو له سەردانی کەناری مەرجانی، و ئەویش خووی به بینینی گرت، تا ئەو پاڵپشتی کرد بۆ ئەوەی له ئەیلوولی ١٩٧٣دا بناسێت.

### ئامینه توانی یاسر عەرەفات سەرۆکی فەلەستین بناسێت و متمانەی خۆی بەدەست بهێنێت.

ئامینه له ڕێگەی زانینی حەسەن سەلامەوه بووه جێی متمانەی فەلەستینییەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردەکان درێژبووەوه بۆ یاسر عەرەفات و بۆ پۆشینی برینەکان پەیوەندی به ڕیزەکانی بەرخۆدانەوه کرد و پێشتریش سەردانی کەمپەکانی پەنابەرانی باشووری دەکرد، یاوەری بوو لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی خۆبەخشەوە، وەک بلیتی سەلامەتی بۆ چوونه ناو هەموو شوێنه قەدەغەکراوەکان.

ئامینه هەموو وێنەکانی به چاوەکانی گرت و له مێشکیدا لەبیری کرد و هەموو شتێکی بیست و تۆماری کرد و سەدان ناوی لەبیر کرد و نەخشەی له مێشکی خۆیدا به وردی سود له متمانەی فەلەستینییەکان پێی کێشا و بەم شێوەیە ئامینه بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات کار دەکات ئەو یان ئاشکراکردنی کاروباری خۆی، و سێ جار سەردانی عەرەفاتی کردووه له ئۆفیسەکەیدا چەندین جار باسی کەموکوڕییەکانی باشووری لوبنانی بۆ کردووە، عەرەفاتیش گرنگی به قسەکانی دەدا، و ئەویش لێی نزیک بووەوە، و ئۆفیسەکەی هەمیشه کراوه بوو بۆی.

### ئامینه توانی زانیاری نهێنی لەبارەی بەرخۆدانی فەلەستین کۆبکاتەوە .

دوای ئەوەی تووشی مەترسی هەمیشەیی بوو، ئامینه بۆی دەرکەوت که پێویستی به ڕاهێنانی زیاترە، بۆیه گەڕایەوه بۆ ڤیەننا و دواتر بۆ ئیسرائیل و داوای کرد زیاتر بزانێت، بەڵام سەری سوڕما له بڕیاری کۆتاییهێنان به کارەکانی له مۆساد:. که ئامادەیه هەڵبیگرێت هێرشێکی خۆکوژی له ئۆفیسی عەرەفات ئەنجامدا، بۆیه ئەفسەرەکه بەپەله ڕۆیشت بۆ لای سەرۆکەکانی و ئاگاداریان کردنەوه له ڕەتکردنەوەی ئامینه بۆ کۆتاییهێنان به کارەکەی و پێویستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆی، تیمێکی پسپۆڕ بینیان که ئامینه ڕەنگه هەست به شانازی بکات به کارەکەی، بۆیه ئەو... واز له وریایی خۆی دەهێنێت و ئاشکرا دەبێت، بەڵام زۆرینه بینیان که شایەنی کارکردنه له بەیروت و به مەشق و ڕاهێنانی زیاتر، وریاتر دەبێت، و گەڕانەوەی بۆ لوبنان لەلایەن سەرۆکی مۆساد، ڕیفی ڕەمیرەوه پەسەندکرا.

ئەفسەرە زایۆنیەکان بۆ لاپەڕە 11



# خێرو سەدەقە لە یەکگرتووی ئیسلامیەوە بۆ نەوەی نوێ!

عەبدوڵا مەحمود

هەژاری و برسێتی و بێکاری و سەرجەم دەردو مەینەتەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە و نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانکردنی هاوڵاتیان، ریشەی لە نیزامی نابەرابەرو چەوسێنەری سەرمایەدارییدایە. کەڵەکەبوونی سەرمایەی ملیۆن و ملیارد دۆلاری، لەدەستی ژمارەیەک کەمی سەرمایەدار و کۆمپانیاکاندا، راستەخۆ بەرهەمی تالانکردنی دەسترەنج و ماندووبوون و بەرهەمی ملیۆنەها و ملیاردها ئینسانە. بەرهەمی بەکاڵابوونی هێزی کار لە لایەک و لەلایەکی ترەوە خاوەندارێتی تایبەتیی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندایە...ئەم دۆخە لە گرانی و بیکاری و برسێتی و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەم واقعیەتە بەدەر نییە، کە کەمایەتیەکی کەمی سەرمایەدار و حزب و نوێنەری ئەم نیزامە، خولقێنەرین.

نەبوونی ئاو و کارەبا، سوتەمەنی و تەندروستی، خزمەتگوزاری هەمەلایەنەی پێویست و بەردەست بۆ چینی کرێکار و زوربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کۆمەڵگە، بەهۆی تەمەڵی و کار نەکردنەوە نییە، بەڵکو بەهۆی دزینی دەسترەنج و بەرهەمی ۆ ئۆردی چینی کرێکارە کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ناچارن کە لەبەرامبەر کرێدا هێزی کاری خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە چینی سەرمایەدار، بفرۆشن. وە بەرهەمی چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆیە، واتە دەستبەرسەرا گرتنی بەشێک لە بەرهەمی کاری چینی کریکار و توێژە بێبەشەکانە لەلایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە کە هەر بەدەستی خۆیان بەرهەم هێنراوە، و دواتر ناچارن لەبازاڕدا بکڕنەوە. بەڵام توانای کڕینەوەی کاڵاو پیداویستیەکانیان نییە، ئەو پارەیەی کە پیویستە بۆ کرینی پێداویستەیەکان و زامنکردنی ژیانێکی شایستە، لەلایەن خودی چینی سەرمایەدارەوە، تاڵانکراوەو دەستی بەسەردا گیراوە.

سوتەمەنی و ئاو و کارەبا، و خوێندن و پەروەردەو سیستەمی تەندروستی...تاد، سادەترین و پێداویستیترین پیداویستی کۆمەڵگەن، کەچی بۆ جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگە بوونەتە کابوسێک و دەست لە یەخەی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بەرنادات.

لەزیاتر لە ٣٠ ساڵی ژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، هەرچی خزمەتگوزاری گشتی هەبوو، تاڵانکراو و دزرا و وێرانکرا، یان بە کەرتی تایبەتی فرۆشراو و خەڵکی ناچارکران و ڕووبەڕووی ئەو دۆخە سەختە ببنەوە... لە جەرگەی ئەم دۆخەدا سەرەتا یەکگرتووی ئیسلامی لەژێر ناوی پرۆژەی خێرخوازیی و ئاوەدانکردنەوەدا دەستی کرد، بە کەڵک وەرگرتن لە برسێتی و هەژاری خەڵکی کەم دەرامەت. کەوتنە دابەشکردنی ئارد و خۆراک بەسەر خێزانە کەم دەرامەتەکاندا، تا لەوڕێگایەوە هەژموونی سیاسی و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا دابکوتن و پرۆژە سیاسییەکەیان، لەو ڕێگایەوە دەست پێ بکەن، کە پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگەو زاڵکردنی کەشی ئیسلامی بەسەریدا و دەستگیرکردن بوو لە دەسەڵاتی سیاسیدا. دیارە سەرچاوەی ئەو داهات و خێر و سەدەقیەی یەکگرتوو دەوڵەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرە ئیسلامیەکان بوون. لەپاڵ بەخشینەوەی ئەوخێر و سەدەقەیە، دەستیان برد بۆ دروستکردنی بنکەی پەروەردەیی ئیسلامی لە گەرەکەکاندا، حجابکردنیانی منداڵان و وەرێخستنی شانۆیی لەسەر نانی "تاجی زێرین" بەسەر ژناندا، وە دروستکردنی دەیان مزگەوت لە شارو شارۆچکەکاندا، وەکو مەڵبەندو ئامرازێکی سیاسی بۆ کەڵک وەرگرتن لە مینبەرەکەی و زاڵکردنی کەشی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا..تاد. سەرئەنجام یەکگرتووی ئیسلامی، ئەم ئاراستەیەی بەشیوەیەکی" میانەڕەو" کردە نەخشە ڕێگای خۆی بۆ گەورەبوون و هێزکۆکردنەوە و ڕێکخستنی حزبی و دەستگیر بوون لە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەمرۆ هەرکەسێک تەماشای پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامیەکان بکات، بەو راستیە دەگات، کە یەکگرتوو نەک نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات، بەڵکو هۆشیاری خەڵکی کوردستان باڵاتر لەو پلان و نەخشەو ئاراستەیە بوو. هەراو هۆریای ئەم دوایانەی ئیسلامیەکان لەسەر پرسی "جێندەر" و هێرشیان بۆسەر ژنان و مافەکانیان و هەڵسوڕاوانی فمینست و ژنانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، گۆشەیەکە لە بەیانی شکستی پرۆژەکەیان و مایەپوچ بوونیانە.

جولانەوەی نەوەی نوێ وەکو لاباڵێکی تری بۆرژوازی، وەکو دیویکی تری یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامیەکان، لەو کاتەوەی خۆی ڕاگەیاندووە، بەهەمان شێوەی یەکگرتووی ئیسلامی، دەستی داوەیە خێر و سەدەقە بەسەر هاوڵاتیانی کەم دەرامەتدا. جارێک ئاو دابەش دەکات و جارێک پرد چاک دەکاتەوە و جارێک مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز دەشکێنێت و هەندێک شەقام پاک دەکاتەوە، جارێک نەوت و دابەش دەکات و جارێکی تر بەنزین بە نرخی هەرزانتر دەفرۆشێت....تاد. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە لەو ڕێگایەوە خۆی گەورە و بەهێز بکات و دەستی بگاتە دەسەڵات...

دیارە چ پرۆژەی خێرو سەدەقەی یەکگرتوو چ هی نەوەی نوێ بەجیا لەوەی بە ئاراستەی گەورەو بوون و دەستگیر بوون لەدەسەڵاتە، هاوکات بە مەبەستی تێکشکاندنی ئیرادەو توانای خودی جەماوەری بێبەش و دوورخستنەوەی جەماوەرە لەدەستبردن بۆ خەباتی شۆڕشگێرانەو جولانەوەی ئازادیخوازانە.

نەوەی نوێ، خۆی لەناو جەرگەی گەندەڵی و پێشبرکێی دزی وتاڵانیدا پێی گرتووەو سەرۆکەکەی یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەم دۆخەیە... کە هەمان ئاراستەی یەکگرتووی گرتۆتە بەر و لای وایە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت هەژموونی سیاسی رەوتەکەی زیاد بکات و ببێتە گوشار و ڕیگایەک بۆ دەستگیر بوون لەدەسەڵات، بێباک لەوەی کە خەڵکی نەداری کوردستان، لەگەڵ وەرگرتنی دەبە نەوت و ئاو و کرێنی بەنزینی هەرزانی نەوەی نوێدا، دەپرسن، سەرچاوەی ئەو داهات و خێر و سەدەقەو سەخی تەبیعەتەی نەوەی نوێ لە کوێوە دێت؟ و چۆن سەریەک خراوە؟

بەراستی هیچ لەوە شەرماوەتر نییە، هێزی سیاسی بەکەڵک وەرگرتن لە هەژاری و گرانی و بێ دەرەتانی جەماوەری بێبەش چاوی لە گرتنە دەسەڵاتی سیاسی بێت. وە بە وردکردنی ئیرادەیان، بیەوێت خۆی دابسەپێنێت و گەورە بێت.

دیارە چۆن یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ساڵدا، خەونەکەی لە ڕێگای پوچی بەکەم تەماشاکردنی جەماوەر و خیرو سەدەقە بەخشینەوە بەشوێنێک نەگەیشت، ئاواش جولانەوەی نەوەی نوێ لە ڕێگای خێرو سەدەقە و بەکارهێنانەوەی پارەی دزی و گەندەڵی و چاوچنۆکی کۆمپانیاکانی و "سەخی تەبیعەت" بوونییەوە، نەک بەشوێنێک ناگات، بەڵکو مایەی داڕمان و جێگای نەفرەتی ناوەوەی جەماوەرییە.

دیارە چۆن یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ساڵدا، خەونەکەی لە ڕێگای پوچی بەکەم تەماشاکردنی جەماوەر و خیرو سەدەقە بەخشینەوە بەشوێنێك نەگەیشت، ئاواش جولانەوەی نەوەی نوێ لە ڕێگای خێرو سەدەقە و بەکارهێنانەوەی پارەی دزی و گەندەڵی و چاوچنۆکی کۆمپانیاکانی و "سەخی تەبیعەت" بوونییەوە، نەك بەشوێنێك ناگات، بەڵکو مایەی داڕمان و جێگای نەفرەتی ناوەوەی جەماوەرییە.

بێ دەنگەی دەسەڵات چ لە ئاراستەو کارەکانی یەکگرتوو وە چ هەوڵ و کارەکانی جولانەوەی نەوەی نوێ، لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵات ئەم ئاراستەی کاری یەکگرتوو و نەوەی نوێ، نەک بە مەترسی لەسەر دەسەڵات نازانێت، بەڵکو بەخزمەت بۆخۆی تەماشای دەکات. بەتاییبەتیش کەئەم نەریتە لە کار و هەڵسوڕان، بەشێک نییە لە جولاندنی شەقام و ریکخستن و بردنە سەری هوشیاری و خستنە گەری ئیرادەی جەماوەری، بەڵکو ڕێگری لێکردن و دژایەتی کردنیەتی...

بێ دەنگەی دەسەڵات چ لە ئاراستەو کارەکانی یەکگرتوو وە چ هەوڵ و کارەکانی جولانەوەی نەوەی نوێ، لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵات ئەم ئاراستەی کاری یەکگرتوو و نەوەی نوێ، نەك بە مەترسی لەسەر دەسەڵات نازانێت، بەڵکو بەخزمەت بۆخۆی تەماشای دەکات. بەتایبەتیش کەئەم نەریتە لە کار و هەڵسوڕان، بەشێك نییە لە جولاندنی شەقام و ریکخستن و بردنە سەری هوشیاری و خستنە گەری ئیرادەی جەماوەری، بەڵکو ڕێگری لێکردن و دژایەتی کردنیەتی...

*****



# شاباز مەحمود: ژنانە بوونی ئەم خۆپیشاندانانە سەرنجی جیهانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشی پێکەوە گرێداوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ شاباز مەحمود ئەندامی یەدەگی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: زیاتر لەچەند مانگە، جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان و ئێران، دەستیان داوەتە ڕاپەڕین و خرۆشانێکی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، هۆکار و ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە لە چیدایە؟**

**شاباز مەحمود:** هۆکاری ئەم نارەزایەتییە ستەم و زوڵمێکە کە چەندین ساڵە جمهوری ئیسلامی دەرهەق بە گەلانی ئێران دەیکات. دەسەڵاتی ئاخوندەی ئیسلامی درێغی نەکردووە لەسەرکوت و لە سێدارەدانی خەڵکی ئازادیخواز، بە زۆر سەپاندنی بنەما پوچەکانی بەناو شۆڕشی ئیسلامی. لە مێژووی٤٣ ساڵەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێراندا، تاوانی زۆر گەورەو ڕوویداوە. کۆمەڵکوژیی هاونیشتمانیانی کوردستان و ئازەرییەکان و عەرەبەکان، کۆمەڵکوژییەکانی چەند هەزار زیندانی سیاسی، لە سێدارەدانی سەدان لە پەیرەوی ئایینی بەهایی، مەسیحی، جوولەکە و زەردەشتی، بەردبارانکردنی ئافرەتان و ژنان تا مردن و جینایەتی بێ سنوور دژی ئافرەتان، بڕینی دەست و قاچ و پەنجەی هەزاران ژن و پیاوی ئێرانی، دەیان و سەدان تاوانی دیکە، کە ئەو ڕژیمە لە ماوەی٤٣ ساڵەی حوکمڕانیدا ئەنجامی داوە.

لە ماوەی زیاتر لەسەد ڕۆژ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و لە ڕۆژو ساتەکانی خۆپێشاندان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا، ئەو دەسەڵاتە جینایەت و دڕندەیی گەیاندە ڕادەیەک کە هەموو جیهان هاتە دەنگ و دەیان حکومەت و ناوەندی مافی مرۆڤ ڕژیمیان مەحکوم کردو ئابڵوقەیان خستە سەر ناوەندو بەرپرسەکانی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرە، بەرەی ئازادیخوازی و چەپ وکۆمۆنیستەکانی تەواوی جیهان بوونە پشتیوانی ئەم خرۆشانە جەماوەرییە.

**بۆپێشەوە: لەڕاپەرینی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا ژنان و لاوان ڕۆڵی زۆر بەرجەستەیان هەیە، ئەمە هۆکارەکەی چییە؟**

**شاباز مەحمود:** هۆکاری بەشداری و پێشڕەوی ژنان ئەوەیە سەرکوتی دەسەڵات و سەپاندنی حیجاب و ڕێگری ئازادییە فەردییەکانی ژنان لەوپەڕی خۆیدا بوو.

کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و ژنان بەتایبەت مەیلی ئازادیخوازیان هەیە، ئەم جۆرە لەسەرکوت ژنانی خستبوو ژیانێک ئیتر بێدەنگی لێی جێگای قبوڵی ژنان نەبوو، بۆیە ژنان بوونە پێشڕەوی ئەم هەڵسان و خرۆشانە جەماوەرییە. ژنانەبوونی ئەم خۆپیشاندانانە سەرنجی جیهانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشی پێکەوە گرێداوە.

خۆپیشاندانی بزوتنەوەی سەوزی ئێران لە ١٦-٥-٢٠٠٩ کە لە لایەن میرحسەینی موسەوی و دژی نەیارەکەی کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بوو. کە تێیدا موسەوی حکومەتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری تۆمەتبار کرد. لەهەموو شارەکانی ئێران بە ڕابەرایەتی کەڕوبی و موسەوی خۆپیشاندانی دژی حکومەت سازکرا. لە تاران نزیکەی چوار ملیۆن کەس بەشدارییان تێدا کرد. کە وەک مەزنترین خۆپیشاندانی دژەحکومەتی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کرا. بەڵام بە بەراورد بەم خۆپیشاندانانە قاڵبی سیاسی و ئایدۆلۆجی نەشکاند و نەفەسیشی درێژ نەبوو. بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێران و لەسەر شەقام دەبینریت بە ئامانج گرتنی کۆی سیستمی سیاسییە لە ئێران کە ئاراستەی ئەم ئامانجە ڕووداوەکانی داهاتوو دیاری دەکەن. ئێرانی پێش ژینا و ئێرانی دوای ژینا.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کرێکار لەم ڕاپەرینەدا چۆن دەبینن و چ ئەرکێک لەسەر شانی چینی کرێکارە؟**

**شاباز مەحمود:** بەداخەوە ڕاستە لەچەند ناوەند کرێکاران پەیوەست بوون بە هەستانی جەماوەری لەشارە جیا جیاکان، بەڵام تا ئێستا ئاوێزانی ئەو شەپۆلە فراوانە نەبووە کەهەیە. ئاکسۆنە کرێکارییەکان تاکوو ئێستا لەزۆر شوێن متاڵەباتییە لەچوارچێوەی داواکاریدایە، نمونە لەتاران بینران کەبۆخۆی ئەمان نیشاندەدا بزوتنەوە کرێکاران هەنگاوێک لەدوای خرۆشانە جەماوەریەکانەوەیە.

بۆیە پێویستە هاوکات و هاوتەریب بە شەپۆلی نارەزایەتییەکان کرێکاران مەیدانەکانی کار بکەنە سەنگەری بەرگری لەم خرۆشانە.

واتە دەبێت ڕابەڕانی مەیدانەکانی بزوتنەوەی کرێکاری ئەوەی لەتوانایاندایە بۆ ئاسۆدارکردن و پێشڕەوکردنی کرێکاران بکەن، خۆیان لەو قەتیس بوونە لەداواکردنی خواستە سنفیەکان دەرباز بکەن، ببنە بەشی پێشڕەوی بزوتنەوەی کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی.

> **پێویستە هاوکات و هاوتەریب بە شەپۆلی نارەزایەتییەکان، کرێکاران مەیدانەکانی کار بکەنە سەنگەری بەرگری لەم خرۆشانە. واتە دەبێت ڕابەڕانی مەیدانەکانی بزوتنەوەی کرێکاری ئەوەی لەتوانایاندایە بۆ ئاسۆدارکردن و پێشڕەوکردنی کرێکاران بیکەن، خۆیان لەو قەتیس بوونە لەداواکردنی خواستە سنفیەکان دەرباز بکەن، ببنە بەشی پێشڕەوی بزوتنەوەی کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی...**

**بۆپێشەوە: بە چ جۆریک دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیووی ئێران بکەن؟**

**شاباز مەحمود:** بەبڕوای من کاریگەریەکانی ئەم شۆڕشە زۆر فراوانە لە شۆڕشی ژینادا تەنیا پەراوێزخستن، لاوازکردن و سەرئەنجام شکاندنی شکۆ و دەسەڵاتی مەزهەبی ئامانج نییە، بەڵکو تێکشاندن و سڕینەوەی پیرۆزییە لە هەرشتێک کە بۆتە سیمبول و هێمای پایەداری و بەهێزبوونی مەزهەب.

لەحاڵەتی سەرکەوتنی بەرەی ئازادیخوازی لەئێران، دڵنیام هەموو ئەوحزب بزوتنەوە ئیسلامیانەی هەیە دەیانباتە قۆناغی کۆتایی هاتنیان، چونکە ئێران و دەسەڵاتەکەی ڕاستەوخۆ پشتوانی دەکات لەحزبە هەرە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە. لە نمونەی حەماس و حزبوڵا و بزوتنەوەی ئیسلامی و سەرجەم میلیشا شیعەکانی ناو حەشدی شەعبی لەئێراق، واتە کۆتایی جمهوری ئیسلامی یەکسانە بەوەستانی گەورەترین مەنبەعی هاوکاری ئەوە حزب و بزوتنەوە کۆنەپەرستانە کە هەن لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی .

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزوتنەوە سیاسیەکان دەبێت؟ بەتایبەتی لەسەر ئیسلامیەکان؟**

**شاباز مەحمود:** پشتیوانیکردن لەم هاتنەمەیدانەی خەڵکی ئێران کەبڕوای من خەڵکی خستۆتە دەورانێکی شۆڕشەوە، بەڵام لام وانییە ئەمە شۆڕش بێت، بەواتای ئەوەی ئێستا ناتوانین بڵێین ئێران و دەسەڵاتەکەی کۆتایی دێت، بەڵام بۆخۆی گەورەترین بەهێزترین هاتنە مەیدانە کە دەکرێ لەسەرەتای هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی تاکو ئێستا، گەورەترین و کاریگەرترین هاتنەمەیدانی خەڵکە.

لە سەرەتای ئەم نارەزایەتیشدا بەرەی ئازادیخوازی لەتەواوی جیهان پشتوانیان کرد. پێویستە لەسەر هەر ئینسانێکی کۆمۆنیست و تەواوی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی دونیا بەگشتی پشتیوانی لە بزوتنەوەی ڕوخانی جمهوری ئیسلامی بکەن، چونکە ئەم دەسەڵاتە نمونەی هەر دڕندەی دژە کۆمۆنیستییە لەیەکەم ساتی دەسەڵات گرتنی. لەساڵاکانی دەسپێکی کارنامەکەی لە ڕۆژی ٢٦ی تەمووز ساڵی ١٩٨٨دا، خومەینی بۆ لە سێدارەدانی چەپەکان کۆمۆنیستەکان نامەیەک دەنووسێت و تیادا دەڵێت: "هیوادارم دادوەرەکان بەڕق و قینی خۆیان هیچ شێوازە ڕەحمێک بە دوژمنانی ئیسلام نەکەن و بەم کارە خواش لێیان ڕازی بێت" پاشان فەرمان دەدات کە ئەو دادوەرانەی دەبێت بڕیار بدەن بەهیچ شێوەیەک لە بڕیارداندا گومانیان نەبێت، گومانکردن لە ئیسلامدا بە واتای لەبەرچاونەگرتنی خوێنی شەهیدانە، خومەینی لە درێژەی نامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زانایانی ئیسلام لەسەر سزای سێدارە ڕیکەوتن، خێرا هەموو دوژمنانی ئیسلام لەناوببەن، بۆ بەدواداچونەوەی دۆسییەکان کام کار خێراتر ئەنجام دەدرێت ئەوە هەڵبژێرن.

لەبەرئەمە کە سەرسەخترین دوژمنی ئازادو پشکەوتنخوازییە دەکرێ، بەهەر شێوازێ گونجاوە لەهەرشوێنێکی دونیا، ئەم پشتوانییە لەفۆڕمی جیاجیادا ئیدامەی بێت، واتە تەواوی ئەوانەی بۆیان گرنگە هەناسەی ئازادی بۆ گەلان ئێران بگەڕێتەوە، دەبێت درێغی نەکەن لەپشتوانیکردنی ئەم قۆناخە شۆڕشگێڕییە، کە گەلانی ئێران بێ جیاواز، کورد و بەلوج و فارس و ئازەری دەستیان داوەتێ...

*****

## دریژەی...لیستەکە...دۆخی تاریک... دێوەزمە

بردیان بۆ باڵەخانەی ناوەندی کە یەکێک لە شارەزاترین نیگارکێشەکانی تێدا دانیشتبوو و لە ڕێگەی وەسفکردنی حەسەن سەلامەوە توانی وێنەیەکی نزیکی لێ بکێشێت، هەفتەی دووجار، ڕۆژانی پێنجشەممە و دووشەممە، و پەیام لە تەلەفۆن ئەڤیڤ هەموو سێشەممەیەک کاتژمێر ١١:٢٥ شەو.

ئامینە لە تەلئەبیبەوە گەشتێکی کرد بۆ ڤیەننا و پاشان بۆ بەیروت، و دەستیکرد بە ناردنی نامە لە ڕێگەی گواستنەوەی بێ وایەرەوە بۆ تەلئەبیب، کە پەیامەکانی بە خۆشی و دڵنیاییەوە وەرگرت، بەو پێیەی ڕوونن بەبێ هەڵە و زانیاری گرنگیان تێدایە، لە کاتێکدا ئامینە تا شەڕ دەستی بە کارەکانی کردووە دەستی پێکرد و میسرییەکان هێڵێکی بار لێڤیان بەزاند، خۆشی بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبووەوە، هەروەها بەیروتیشدا، بۆیە ئامینە لە شۆکەکەدا دارِما، ئامینە لە بەیروت مایەوە وەک پزیشکێکی عەرەب کە لە لوبناندا دەسوڕایەوە و سیخوڕی بۆ مۆساد دەکرد.

### دوایین دەرکەوتنی ئامینە الموفتی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا

لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینیدا کلینیکی تایبەت لەو شوێنە نیشتەجێبوونە کرایەوە و لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینیدا گۆڤاری مەحانیە سەربازی زایۆنیستی کورتە هەواڵێکی بڵاوکردەوە و وتی: وەزیری بەرگری بڕیارێکی دەرکرد بۆ پێدانی خانەنشینی هەمیشەیی بە ئامینە، و ئەویش لە سەرووی□ تابلۆیەکی شەرەف لە دەروازەی بینای مۆساد، کە تابلۆیەکە بۆ لێهاتووترین بریکارەکانی مۆساد.

### کۆتایی نهێنی سیخوڕەکە، ئامینە الموفتی:

سەبارەت بە کۆتاییەکەی، چەندین وەشانی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە بەڵگەنامەیەکی سەفەری ئەمریکی لە ژێر ناوێکی نوێدا بەدەست هێناوە و لە ویلایەتی تەکساس دەژی کە خاوەنی کێڵگەیەکی گەورەیە و هاوسەرگیری لەگەڵ دەریاوانێکی ئیسپانی کردووە و منداڵی نەبووە. لە هاوردەکردن و... هەناردەکردن، کوڕێکی لە ئەفسەرێکی ڕۆمانی بە ناوی موشە لەدایک کردووە و لە گێڕانەوەی سێیەمدا باس لەوە دەکات کە لە بەشی دەمارەکانی نەخۆشخانەی تل هاشومەر کە گەورەترین نەخۆشخانەی زایۆنیستەکانە، بە دەرزییەک لەناو ژوورەکەی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

بەڕای من ئەو کچە خۆی کوشتووە، بۆیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و تەمەنی مرۆڤ، تامەزرۆی کۆمەڵگەی خێزان و منداڵ و نیشتمانە، بەڵام ئەو تووشی تەنیایی و گێژاوی و... پەرشوبڵاوی بووە، بۆیە مێردی نییە، نیشتمان، یان منداڵان، و بێگومان ئەمە باشترین کۆتاییە بۆ ئەو کەسەی کە "شەرەف و نیشتمانی" خۆی فرۆشت بۆ ئازادیی درۆینە و خۆشەویستی قەدەغەکراو و بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە، خیانەتی لە نیشتمانێک و تەواوی نەتەوەیەک کرد.

وە تۆی خوێنەری خۆشەویست ڕات چییە لەسەر چیرۆکی ئەم سیخوڕە؟

**سەرچاوەکان :**

**القائمة الوضع المظلم**

**کابوس**

الرئيسية/نساء مخيفات

نساء مخيفات

الجاسوسة أمينة المفتي – انتقام بطعم الخيانة

## دریژەی دوا وتە...

نرخی دەرمان و بازرگانی بە دەرمانەوە، دەست تیکەڵ بوونی بەرپرسان بە بازرگانی بەدەرمان، بەکورتی نەبوونی ئاسایشی دەرمان....تاد، ئەو لایەنانە بوون کە لەبەرنامەکەدا خرانە ڕوو.

ئەوەی لە زمانی ئەم بەشە لە بەشداربووانی بەرنامەکە خرایە ڕوو، وە ئەو بەڵگەنامەی نێشاندران و ئەو دەرمانانە وەکو نموونەی دارمانی سلکی تەندروستی پیشاندران، خستنە رووی تاوانێکی گەورەو کەم وێنە بوو لەبەرامبەر چارەنووسی ملیۆنان ئینسانی کۆمەڵگەی کوردستاندا. گومان لەوەدا نییە، کەسانێک کە ئازیزانیان لە خەستەخانەکاندا بەهۆی کەمی دەرمان یان کەمتەرخەمییەوە گیانیان سپاردووە، ئەو کاتەی ئەو بەرنامەیان بینی، جارێکی تر مەرگی ئازیزانیان بینیەوە، بەڵام ئەمجارە جەلادیشیان، ناسییەوە. باسی دەستبەسەراگرتنی تەن و نیوێک دەرمانی ئیکسپایەر و خراپ دەکرێت، واتە هەر تاکێکی کوردستان چەند کیلۆ دەرمانی ئیکسپایەر و ژەهراوی لە کۆمەڵگەدا بەردەکەوێت... چ کارەساتێکە!!.

چ لەو تاوانە تاوانترە، مەرگ و ژیانی ئینسان، بخەیتە مامەڵەی بازرگانییەوە و لە پێناو قازانجدا، بە نرخی گران، دەرمانی ژەهراوی و ماوە بەسەرچوو لەسەر جەستەی ئینسان تاقی بکەیتەوە؟ بەراستی پرسیار ئەوەیە دەبێ لە ٣٠ ساڵی رابردووی ژێر دەسەڵاتی تاڵانچیانی بزوتنەوەی کوردیەتی و بازرگانە چاوچنۆکەکانی دەرماندا، چەند سەد هەزار ئینسان بێ وادە گیانیان سپارد بێت، کە دەکراو دەشیا، ئەمڕۆ زیندووبونایە؟ دەکرا و دەشیا لەناو خانەوادە ئازیزانیاندا بمانایەتەوە... یان دەبێ چەند سەد هەزار ئینسانی هەژار و کەم دەرامەت بە هۆی گرانی دەرمان و خراپی کوالیتی دەرمانەوە، گیانیان لەدەستدا بێت؟

ئەم کوشتارە، کوشتارێکی تایبەت و بێدەنگ و هاوکات ئاشکرایە لە زمانی خودی بەرپرسانی تەندروستیەوە... ئاخر ئەگەر ئەمڕۆ هەواڵی هەرەشەی گروپێکی تیرۆریستی بۆسەر دیهاتێک، سەنگەر و بنکەیەکی پێشمەرگە، یان بۆسەر شارۆچکەیەک رابگەیەنرێت، هەمووان دڵگران دەبن و نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆریستان دەکەن و هاوخەمی بۆ قوربانیانی دەردەبڕن... کەچی هەرەشە و کوشتاری بەدەست ئەنقەستی دەسەڵات و بازرگانە چاوچنۆکەکان لە ڕیگای دەرمان و کەم تەرخەمی سلکی تەندروستی و نەبوونی پێداویستیەکان، رۆژانەو بە شینیەیی مەرگی سەدان و هەزاران ئینسان دەکێشێت، بێ ئەوەی خەڵک و کۆمەڵگە زۆر هەستیار بەو تاوانە بن. هێشتاش بەرپرسان کە لێیان دەپرسن ئەوە بۆ وایە دەڵێن ریکخستنی پرسی دەرمان و تەندروستی دە ساڵی پێویستە، بەڵام هەر ئەو جەنابابە وەڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە، ئەگەر وەکو دەڵێن ریکخستن و کۆنترۆڵکردنی دەرمان و دامەزراندنی سیستەمێکی تەندروستی دە ساڵێکی پێویستە، هۆکار چییە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ، هیشتا دە ساڵ پێویستە بۆ سلکی تەندروستی؟ ئەمە بۆمان ئاشکرا دەکات، کە ماشێنی کوشتاری خەڵک و هاوڵاتیان هەژار و نەدار بە هوشیارییەوە لەلایەن دەسەڵات و بازرگانە حزبی و ناحزبی و حکومی و ناحکومیەوە دەگەڕێت و بەرگری لەو کوشتارو تاوانە دەکرێت.

دیارە کێشەکە تەنها سلکی تەندروستی نییە، تەنها نەبوونی ئاسایشی دەرمان نییە، کە بەردەوام قوربانی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ئاسیاشی خۆراکیش بەهەمان شێوەیەو بازاری کوردستان بۆتە بازارێکی باش بۆ خراپترین کاڵا و شمەکی خۆراکی و ژیاری، هاوڵاتیان. هەموو ئەمانەش بەپلەی یەکەم قوربانیانی چینی کریکار جەماوەری نەدارو هەژارە. هەر ئەو واقعیەتەشە وای کردووە، هەرچی بەرپرسی حزبی و حکومی و سەرمایەدار و بازرگانی هەرێمن، نەک بۆ نەخۆشی قورس، بەڵکو بۆ سادەترین چارەسەری نەخۆشی و پشکنینی دەم دانیش، رووودەکەنە ولاتانی تری دەرەوەی هەرێم. ئەوان باش کارکردو بەرهەمی وێرانکەرەی دەستی خۆیان دەبینن و هیچ متمانەیەکیان بە سلکی تەندروستی و خەستەخانەو داو دەرمانی هەرێم نییە.

ئەم دۆخە لە هەرێم لە وێرانەیی سلکی تەندروستی و خۆراک و ئاو و کارەبا و خوێندن و پەروەردەو ڕیگاو بان و....تاد، دەسەڵاتی سیاسی لێی بەرپرسیارە و ئەوان خولقێنەری ئەم کوشتارە بە ئەنقەستەی خەڵکن، لە پێناو کەڵەکەی سەرمایەو قازانجدا. ئەگەر بەرپرسانی ئەم کەرتە وێرانکراوانەی هەرێم، بایی سەرە دەرزییەک ویژدان لەجەستەیاندا بوایە، بێگومان دەستیان لەکار دەکێشایەوە. خەڵکی هەژار و نەداری کوردستان مافی سەرەتایی خۆیانە بەدوای بکوژی دایک و باوک و رۆڵە و ئازیزانیانەوە ببن ویەخەی دەسەڵات لەسەر ئەم تاوانکارایەش بگرن.

## کۆتایی جەنیوەری ٢٠٢٣


## لە بۆپێشەووە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

حەیات مەجید، ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، توانا حەمەنوری، د. سەلاحی گەرمیان، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس رەشید،حەکیم میرزا،جەمال نوری،عبدالرحمن رەسول...


لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

## دوا وتە

# بەرنامەی لەگەڵ رەنج گەواهی دان لەسەر کوشتارێکی بەردەوام و بێدەنگ!!

عەبدوڵا مەحمود

کۆتایی مانگی جەنیوەری و بەدیاریکراوی شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ مانگ، لە بەرنامەی لەگەڵ رەنجدا، بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی و بەرپرسی کوالیتی کۆنترۆڵ و ئەندام پەرلەمان و چەند دکتۆرێک... باسی کێشەی تەندروستی، کەیسی دەرمان و لەوانە جۆر و سەلامەتی و بازرگانی بە دەرمان و بەتایبەتی تر باسی کارەساتی دەرمان کرا.



دیارە رەنج سەنگاوی وەکو ئامادەکار و بەرێوەبەری بەرنامەکە وەکو هەمیشە دەیەوێت وا وێنای بەرنامەکانی بکات کە خەم خۆری و بەدەربەستی خۆی بۆکێشەکانی کۆمەڵگە، هانی داوە بۆ هەڵبژاردنی دۆسیە و کێشەکان. ئەو مەسەلانەش کە رەنج دەیان وروژێنێت، زۆریان بابەتی گرنگ و هەستیارن. دیارە لایەنێکی تری سیاسییەو کەناڵ روداو دەیەوێت لەلایەکەوە خۆی بە کەیسەکانی خەڵکەوە هەڵبواسێت و دەرگا بەرووی کەناڵەکانی تردا دابخات و لەلایەکی تریشەوە نارەزایەتی جەماوەری بەرووی دیاردە ناشیرین و ترسناک و تاوانکارییەکاندا، خاو بکاتەوە... بەڵام هەر کەسێک چاودێری بەرنامەکەی کردبێت دەزانێت، ئەم دۆسیەیە وەکو زۆرێک لە دۆسیەو فایلەکانی تر، نەک ریسوایی و بێدەبەستی دەسەڵاتی خستەروو لەبەرامبەر بە کوشتارێکی ئاشکرادا، لە زمانی بەرپرسان خۆیانەوە، بەڵکو جارێکی تر لە زەمینەیەکی تردا تۆمەتبار بوونی دەسەڵاتی هەرێمی خستەروو لە کوشتارێکی ئاشکراو بەردەوامدا کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە درێژەی هەیە و ناوەرۆکی دژە ئینسانی ئەم دەسەڵاتەی لە گۆشەیەکی تردا نمایش کرد.

نەبوونی دەرمانی پێویست لە خەستەخانەو بنکە تەندروستیەکان. بەکارهێنانی دەرمانی ماوە بەسەرچوو. هێنانی دەرمانی بازرگانی قاچاغ بۆ خەستەخانەکان. نەبوونی کۆنترۆل بەسەر دەرمانەکاندا. بەکارهێنانی دەرمانی بێ کاریگەر و رەتکراوە و دەرنەچوو لە کوالیتی کۆنترۆڵ. نەپاراستنی سەلامەتی دەرمان لە جێگای گونجاو و پلەی گەرمی پێویست. گرانی

بۆ لاپەڕە 12

## کورتە چیرۆك- تەنز ئامێز... ئارام حەسەن



ـ "باشە ئەوە تۆ پیاوێکی عاقڵی، ئەم عالەمە بۆ ئەوەنە لە شەیتان ئەترسن و ڕقیان لێیەتی؟

ـ "باوکەڕۆ یەعنی نازانی"

ـ "نەوەڵڵا، ئەوەی من بزانم ئەو قوڕبەسەرە لە چاکە بەولاوە هیچی ترى نەکردوە"

ـ "ئەوە تۆ شێت بووی ڕۆڵە، خێرا تۆبەکە و هەزار جار بە نەعلەتیکە تا غەوری غەزەب نەبووین"

ـ "بەخوا دڵم نایە، چاکەی زۆرە بە سەرمانەوە"

ـ "چاکەی چی هەتیوە گێلە، شەیتان دوژمنە دوژمن"

ـ "کوڕە بابە دوژمنی چی، بۆ بوختانی بۆ ئەکەی، ئەگەر دوژمن بوایە دیارەبوو"

ـ "براڕۆۆۆ، بە زاتی خوای تەعالا تازە تۆ کافر بووی، ئاخر شەیتان و چاکە کوجا مەرحەبا، دە بیکە بە خاتری پشتێنەکەی حەزرەتی ڕەسولەڵڵا یەك چاکەیم بۆ بژمێرە"

ـ "مەترسە کاکە، ئەوە بۆ ڕەنگت پەڕی، باشە ئەگەر ئەو نەبێ گوناح بکەینە ملی کێ، ئەوە یەك... ئەو نەبێ کێ هەیە بیستوچوار سەعاتەی خوا حەز و هەوەس وەبەخشێ بەسەرمانا، ئەوە دوو... کێ هەیە دەمی خەیاڵمان تەڕکا، ئەوە سێ... ئەی ئەگەر ئەو نەبێ ڕەبەن قوڕی کوێ بکا بەسەر خۆیا، ئەوە چوار... نهێنی پارێزە ئەوە پێنج... هی تریش ماوە"

ـ "ئەستەغفیرەڵڵا، ئەستەغفیرەڵڵا.. لاحەولە وەلا قووەتە ئیلا بیللا... تەوبە.. تەوبە.. تەوبە.. هەزار گوناح و یەك تەوبە"

ـ "مەڵێ هەزار گوناح و یەك تەوبە"

ـ "ئەی بڵێم چی؟"

ـ "بڵێ یەك گوناح و هەزار تۆبە"

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

